

# بەشداری و ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە یەکلاییکردنەوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا

ئاریان ئومێد حەمەتاڵ

# بەشداری و ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەیەکلاییکردنەوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا

ئاریان ئومێد حەمەتاڵ

(٢٧٢١) کوردی (٢٠٢١) زایینی

* نـــاوی کتێـــب: بەشـــداری و ڕۆڵـــی ویـــلایەتە یەکگرتووەکـــانی ئەمریکـــا لەیەکلاییکـــردنەوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا

* نووسینی: ئاریان ئومێد حەمەتاڵ

* بابەت: لێکۆڵینەوەی مێژوویی

* دیزاینی بەرگ: ئەسما محێدین کانەبی

*ساڵی چاپ: ٢٠٢١

* نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم - چاپی ئەلکترۆنی

## ناوەڕۆک


| لاپەڕە | ناونیشانەکان |
| --- | --- |
| ٥-١٢ | پێشەکی |
| ١٣-٢٤ | دەروازە: بارودۆخی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە قەیرانی داراییەوە تا هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی ١٩٢٩-١٩٣٩: |
| ٢٥-٤٤ | بەشی یەکەم: پاڵنەرەکانی بەشداری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە جەنگی دووەمی جیهانیدا: |
| ٢٥-٣١ | باسی یەکەم: مەترسی کەوتنی سیستەمە دیموکراتییەکان: |
| ٣٢-٣٦ | باسی دووەم: بەهێزبوونی ئەڵمانیای نازی و سەرکەوتنە خێراکانی: |
| ٣٧-٤٤ | باسی سێیەم: هەڕەشەکانی ژاپۆن بۆسەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە زەریای هێمن: |
| ٤٥-٦٢ | بەشی دووەم: پرۆسەی جەنگ و پێکدادانەکان: |

| | |
|---|---|
| باســـــــى یەکەم: پەیمـــــــانی ئەتڵەســـــــی و ڕاگەیاندنی جەنگ دژی وڵاتـانی تەوەر: | ٤٥-٥٠ |
| باسی دووەم: پێکدادانە سەربازییەکان: | ٥١-٦٢ |
| بەشــی ســێیەم: دەرئەنجــامی بەشــداری ویــلایەتە یەکگرتووەکــانی ئەمریکــا لە جەنگــی دووەمــی جیهانیدا: | ٦٣-٧٧ |
| باســـــــى یەکەم: هەنگاونـــــــــان بەرەو بە جەمسەربوونی ئەمریکا: | ٦٣-٦٩ |
| باســـی دووەم: ســـەرەتایەک بـــۆ ســـەرهەڵدانی جەنگی سارد: | ٧٠-٧٧ |
| ئەنجام | ٧٨-٧٩ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٨٠-٨٥ |
| پاشکۆی وێنەکان | ٨٦-٩٤ |

## پێشەکی

بەشداری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەجەنگی دووەمی جیهانیدا یەکێک لە ڕووداوە هەرە گرنگەکانی سەدەی بیستەمە، چونکە جگەلەوەی توانی جەنگەکە لەبەرژەوەندی هاوپەیمانان یەکلابکاتەوە، هاوکات جیهانیشی بردە قۆناغێکی نوێوە کە سەردەمی جەنگی ساردە. ئەو سەردەمەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک زلهێزێکی نوێ و یەکێک لە جەمسەرە سەرەکییەکانی سیاسەتی نێودەڵەتی دەرکەوت.

## گرنگی بابەتی توێژینەوەکە:

مێژووی مرۆڤایەتی هەرگیز لەوەوپێش ڕوداوێکی وەکوو جەنگی دووەمی جیهانی بە خۆیەوە نەبینیبوو، جەنگێک کە ملیۆنان مرۆڤی تێدا کوژراو و سەدان شارو گوندی تێدا وێرانکرا. بە جۆرێک شارستانییەتی مرۆڤایەتی لە لێواری لەناوچوون نزیک کردەوە. بە کۆتایی هاتنیشی نەخشەیەکی نوێی بۆ سیاسەتی

جیهانی دارِشـــتەوە کە تاوەکوو ئەمڕۆ کاریگەری خۆی هەیە. لەهەمووشی گرنگتر ئەم جەنگە ڕێی خۆشکرد بۆ دەرکەوتنی زلهێزێکی نویَ لەســەر شــانۆی ســیاســەتی نێودەوڵەتی ئەویش ویلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا بوو، کە تا ئەو دەمە جۆرێک لە گۆشـــــەگیری پەیڕەو دەکردوو نەیدەویســت تێکەڵی کێشــە ســیاســییەکان و ململانیَ نێودەوڵەتییەکــان ببێــت، بەڵام لە دوای ئەم جەنگەوە بە گوڕوتینێکی بێوێنەوە هاتە مەیدانەکەوە و جێگەی زلهێزێکی وەکوو بەریتــانیــای گرتەوە. لەو دەمەوە هەتا ئەمڕۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە زۆر ڕووداو و پێشـــــهاتی جیهاندا ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێت.

## هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:

به پێی ئەوەی ئێمەی کورد هەتـا ئەمڕۆش کیـانێکی ســـەربەخۆو ســـەقامگیرمان نییە و هێشـــتا لە قۆناخی خەبــاتی دەوڵەت نەتەوەداین و هەمیشـــــەش لەژێر

هەڕەشەی سڕینەوە و کپکردندااین، دەبێت زیاتر لە هەر گەل و نەتەوەیەکی دیکەی ناوچەکە گرنگی بە مێژووی ڕووداوە جیهانییەکان بدەین و لە کێشـــەو ململانێ نێودەوڵەتییەکان تێبگەین. جەنگی دووەمی جیهانی و ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەو جەنگەدا یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کە پێویســـتە بە وردی لە بارەیەوە ئاگاداربین. ئێمە بە ئەرکی خۆمانزانی بەپێی توانا تیشکێک بخەینە سەر ئەو مێژووە، ئەگەرچی لە پێشتردا بە سوپاسەوە مامۆستایانمان لە بەشی مێژوو، گرنگییان بەم بابەتەداوە و لە کتێبەکانیاندا لە بارەیەوە نووســـیوویانە، بەڵام ئێمە لێرەدا پێمانباشـــبوو وەک بابەتێکی ســـەربەخۆو بە شـــێوەیەکی گشـــتگیرتر لێی بدوێین.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

هەوڵمانداوە بە پێی توانا پەیڕەو لەو ڕێبازانە بکەین کە بۆ نووســینی توێژینەوەیەکی مێژوویی بەردەســتن،

که ئەویــش بــریــتــیە لە گەڕان بەدوای زانــیــاریە مێژووییەکان لە ناو سەرچاوە بەردەستەکانداو پاشان خستنەڕووی لە دواتریشدا شیکردنەوەیان.

## گرفتی توێژینەوەکە:

گرفتی گەورەی توێژینەوەکە کەمی ســـــەرچاوەکان بوو بە زمــانی کوردی، هەرچەنـد ڕەنگە بەراورد بە بابەتەکانی دیکە، مێژووی ئەمریکا ســـەچاوەی کوردیی زیاتر بێت، بەڵام هێشـــــتا ئەمە بەس نیە بۆ توێژەر تا توێژینەوەیەکی دەوڵەمەندی پێ بنووسێت، بەگشتی ئەو سـەرچاوانەی بەردەستن ئەگەرچی بە ژمارە زۆر دێنە بەرچاو بەڵام ئەوەی بۆ بابەتێکی لەم شێوەیە بەفراوانی دەتوانین ســودی لێ ببینین تەنها چەند ســەرچاوەیەکن و ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێپەڕناکات.

## شیکردنەوەی سەرچاوەکان:

بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە پشتمان بەچەندین سەچاوەی جیاواز بەستووە، بەڵام دەکرێت چەند سەرچاوەیەکیان وەک سەرچاوەی سەرەکی بناسێنین کە سودێکی زۆرمان لێوەرگرتوون. یەکێک لەو سەرچاوانە کتێبەکەی دکتۆر ئاراس زەینەڵە بەناوی (مێژووی ئەمریکا)، کە سەرچاوەیەکی فراوان و دەوڵەمەندە، نووسەر گرنگیەکی بەرچاوی بە جەنگ و ململانێکانی نێوان ژاپۆن و ویلایەتە یەکگرتووەکان داوە و بە درێژی لەبارەیەوە دواوە. یەکێکی تر لەو کتێبانەی وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی پشتمان پێی بەستووە کتێبەکەی دکتۆر سەعدی عوسمان هەروتیە بەناوی (مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا)، نووسەر بابەتی بەشداری ئەمریکای لە جەنگی دووەمی جیهانیدا کردووە بە دوا وێزگەی کتێبەکە و تێیدا لەبارەی هۆکارە ڕاستەوخۆو ناراستەوخۆکانی بەشداری ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە دواوە، ئەمە

سەرەڕای گرنگیدان بە پرۆسەی جەنگەکەو گرنگترین پێکدادانەکان، لە کۆتایشدا بە کورتەیەک لەبارەی دەرئەنجامەکانی جەنگەکەوە دواوە بەتایبەت کاریگەریەکانی لەسەر گۆڕانی سیاسەتی ئەمریکا لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە.

هەروەها کتێبی (زلهێزەکان) لە نووسینی دکتۆر سامان حوسێن، یەکێکی تربوو لە سەرچاوە سەرەکیەکانمان کە سودێکی زۆرمان لێوەرگرتووە. کتێبەکە لە بارەی دۆخی زلهێزەکان و ململانێکانیان لە جەنگی یەکەمی جیهانیەوە تا کۆتایی جەنگی سارد دەدوێ و تیشک دەخاتە سەر هۆکار و دەرئەنجامی ڕوداوە گرنگەکان، لەوانەش جەنگی دووەمی جیهانی.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

لەدوای پێشەکیەوە سەرەتای توێژینەوەکە بە دەروازەیەک دەستپێدەکات کە لەمەڕ بارودۆخی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دەدوێ لە سالآنی

(١٩٢٩-١٩٣٩)، قەیرانی ئابووری ســاڵی (١٩٢٩-١٩٣٣) وەک سـەرەتای باسـەکە دیارکراوە، پاشـان لێکەوتەکانی قەیرانەکە لە سـاڵانی دواترداو هاتنە سەرکاری فرانکلین رۆزفێڵد و ئـامـاژەدان بە چـاکســــازیە نـاوخۆییەکانی، ســــەرەڕای ئاماژەدان بە گۆڕانکاریە ســـیاســـی و ئابوورییەکانی جیهان و کاریگەری لەســــەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لەپاش دەروازە بە ســێ بەش ناوەڕۆکی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو:

**بەشـــی یەکەم:** تەرخــانکراوە بۆ ڕوونکردنەوە و خســــتنەڕووی ئەو پــاڵنەرانەی کە بووە بەهۆکــاری بەشـــداری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە جەنگی جیهانیدا، ئەم بەشـە لە سێ باس پێکدێت، باسی یەکەم لە بــارەی مەتـرســـی ڕووخــانی ســـیســــتەمە دیموکراتیەکانەوە دەدوێت. باســـی دووەمیش تیشــک دەخاتە سەر بەهێزبوونی ئەڵمانیای نازی و سەرکەوتنە خێراکانی. باسی سێیەمیش تەرخانکراوە بۆ خستنەڕوی هەڕەشەکانی ژاپۆن بۆسەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا.

**بەشــی دووەم:** ئەم بەشــە تایبەتکراوە بە پرۆســەی جەنگەکە و پێکدادانە سەربازییەکان. بەسەر دوو باسدا دابەشکراوە، باسی یەکەم لە بارەی پەیمانی ئەتڵەسی و ڕاگەیـانـدنی جەنـگ لە دژی وڵاتـانی تەوەر دەدوێت، باسی دووەمیش تایبەتکراوە بە پێکدادانە سەربازیەکان.

**بەشـی سـێیەم:** تایبەتە بە دەرئەنجامەکانی بەشداری ویلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا لە جەنگەکەدا، ئەم بەشـــە لە دوو باس پێکدێت، باســـی یەکەم دەربارەی هەنــگــاوەکــانــی بە جەمســـەربــوونــی ویــلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەدوێت، باســـی دووەمیش تیشک دەخاتە سەر سەرەتاکانی دروستبوونی جەنگی ســـارد. لە کۆتایی توێژینەوەکەش دەرئەنجاممان هەیە کە تێیدا تێڕوانین و خوێندنەوەی خۆمان بۆ بابەتەکە خستووەتەڕوو.

## دەروازە:

## بارودۆخی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە قەیرانی داراییەوە تا هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی ١٩٢٩-١٩٣٩:

قەیرانی دارایی (١٩٢٩-١٩٣٣) یەکێک لە ڕووداوە هەرە گرنگ و بەرچاوەکانی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی بوو، کە ئابووری جیهانی داتەپاندو کاریگەری گەورەی بەسەر لایەنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتانی جیهانەوە بەجێهێشت. ئەم قەیرانە سەرەتاکەی لە بازاڕی دراو و بۆرسەی شاری نیۆیۆرکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە سەریهەڵدا، کاتێک لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی (١٩٢٩)دا،

نرخی پشــــکە ئابوورییەکان بە شـــێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دابەزی و زیانێکی دارایی گەورەی لێکەوتەوە[1].

زۆرێک لە بەرپرسانی حکومەتی ئەمریکا لەسەرەتادا لێدوان و بۆچوونەکانیان بە جۆرێک هێمنی و دڵنیایی پێوە دیاربوو، دوپاتیان دەکردەوە قەیرانەکە کێشـەیەکی کـاتییە و بەو زوانە کۆتـایی پێـدێـت و شـــتەکـان دەگەڕێنەوە بـارودۆخی جـاران، لەوانە وەزیری دارایی (ئەندرۆ مێلۆن) دڵنیاییدا و گوتی من هیچ شــــتێک لەو بارودۆخەی ئێستا نابینم کە مایەی نیگەرانی و هەڕەشە بێـت، دڵنیـام لە بەهـاردا دووبـارە بـارودۆخەکە بـاش دەبێتەوە[2]. بەڵام ئاڕاســتەی قەیرانەکە وەک ئەوە تەواو

---

(١) سامان حوسێن ئەحمەد: زلهێزەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا کۆتایی جەنگی سارد(١٩١٤-١٩٩١)، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر،٢٠١٢، ل١١٥.

(٢) عبدالعزيز سليمان نوار، محمود محمد جمال الدين: تاريخ الولايات المتحدة الأمريكية - من القرن السادس عشر حتى القرن العشرين، دار الفكر العربی، القاهرة، ١٩٩٩، ص١٨١.

نەبوو کە بەرپرسـانی باڵا لێوەی دوان، بەڵکوو زیاتر لەوەی پێشـبینی دەکرا درێژەی کێشـاو قەبـارەی زیانەکانیشی زۆر گەورەتر بوو، تەنها لە ساڵی (١٩٢٩) تا ساڵی (١٩٣١) ئەو بانکانەی ئیفلاسیان کرد ژمارەیان گەیشـتە (٢٠٢٩٤) بانک، ئەم داڕوخانە ئابوورییە بووە هۆی وەسـتانی بازاڕ و داڕوخانی ئابووری جیهانی، بۆ یەکەمجار بوو سـیسـتەمی سـەرمایەداری قەیران و کێشـەیەکی وەها گەورە بە خۆیەوە ببینێت. نرخی کەل و پەل و شـمەکەکـان تـا دەهـات زیـاتر دادەبەزی بەشـێوەیەک لە سـاڵانی (١٩٢٩) تا سـاڵی (١٩٣٢) بە ڕێژەی سـێ یەک دابەزی. کرێکاران بە کۆمەڵ بێکار دەبوون و کـارگەکـان نـاچـار بە داخسـتن دەبوون، پرۆسەی بەرهەمهێنان لەوپەڕی لاوازی و ستیدابوو[3].

کـاریگەری قەیرانەکە لەسـەر ئـابووری ویلایەتە یەکگرتووەکـان ڕەنگدانەوەیەکی زەقی هەبوو، ئەوەتـا

---

(٣) ئاراس فریق زەینەڵ: مێژووی ئەمریکا، چاپی سێیەم، چاپخانەی تاران، تاران، ٢٠١٩، ل٣٤٣-٣٤٥.

دەبینین لە ســـــاڵی (١٩٣٢) ژمارەی بێکاران لە وڵاتدا گەیشـــتە (١٢.٥٠٠.٠٠٠) کەس، کە ژمارەیەکی پێوانەیی بوو. حکومەت ناچاربوو دەســـتبداتە دامەزراندنی کرێکاران لە بواری تەلارســـازییە گەورەکاندا، چونکە ترسیان لەوە هەبوو کرێکاران لە شارەکاندا دەستبدەنە خۆپیشـــاندانی فراوان، لە ئەنجامی ئەم بارودۆخە خراپەدا کە لە ماوەی ســـاڵانی بێکاریدا ئەمریکای تێکەوتبوو ســـەدان کەس خۆیان کوشـــت و بەها مرۆییەکان بێ بەها بوون. ســـەرەڕای ئەمەش وشکەساڵی لە دەشتەکانی ناوەڕاست ڕوویدا و بووە هۆی خراپبوونی بەرهەمە کشـــتوکاڵیەکان و زیانێکی گەورەی بە کەرتی کشـــتوکاڵ گەیاند و جوتیارەکان توانای دانەوەی قەرزی بانکەکانیان نەماو بەدەســـت باجەکانەوە لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا ژیانیان دەگوزەراند[4].

---

(٤) هەمان سەرچاوە: ل ٣٥٨-٣٦٠.

بـارودۆخ بەمجۆرە بەردەوام بوو تـا لە هەڵبژاردنی ســـاڵی (١٩٣٣) دیموکراتەکان توانییان ســـەرکەوتن بەدەســـت بهێنن و (فرانکلین ڕۆزفێڵـد) بۆ پۆســـتی ســـەرۆکایەتی هەڵبژێردرا.* ڕۆزفێڵد بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخەی قەیرانە گەورەکە هێنـابویە کـایەوە، هەڵمەتێکی چـاکســـازی لە بواری ئـابووریـدا ڕاگەیـانـد. لەوانە چاودێری خســـتە ســـەر کاروباری بانکەکان و مۆڵەتی کاری بە بانکە بەهێزو پارەدارەکان بەخشـــی، بانکە ئاسایی و بچوکەکانیش داخران. سیستەمی بانکی وڵات گۆڕانکاری تێدا ئەنجامدراو یاسـای نوێی بۆ دەرکرا، بە تایبەت بۆ بانکە نوێیەکان. دەزگای بۆرســـەو کڕین و فرۆشتنی پشکەکان خرانە ژێر چاودێریی دەوڵەتەوە، لە بواری کشـــتوکاڵیش چاکســـازی ئەنجامدرا و بە پێی یـاســـای نوێ بەرهەمهێنـانی جوتیـاران کەمکرایەو حکومەتیش بڕیـاریـدا زیـادە بەرهەمی جوتیـاران

بکرێتەوە[5]. ڕۆزفێڵد ســـــەرنجی خۆی و حکومەتەکەی خســـتبووە ســـەر بارودۆخی ناوخۆ، بەو شـــێوەیەش ســـیاســـەتی دەرەوەی فەرامۆش کرد، ئـامـانجی ســـەرەکیشـــی ئاســـایی کردنەوەی ئەو دۆخەبوو کە قەیرانی دارایی دروستی کردبوو. بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارانەش دەستکراوەبوون چونکە زۆرینەی کۆنگرێسی

---

* لە ڕاستیدا قەیرانی دارایی(١٩٢٩-١٩٣٣) تەنها کاریگەری لەسەر گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی ئەمریکا نەبوو، بەڵکوو بەهەمان شێوە لە ئەڵمانیاشدا ئەم قەیرانە ڕێگە خۆشکەربوو بۆ هاتنە سەرکاری نازییەکان بە سەرۆکایەتی ئەدۆڵف هیتلەر. بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: (عبدالعزیز سلیمان نەوار، عبدالمجید نەعنەعی، مێژووی هاوچەرخی ئەوروپا، ل(٥١٥-٥٣٠).

[٥] فریشتە نورائی: مێژووی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەمریکا، وەرگێڕانی: هەورامان فەریق حەسەن، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک،٢٠٠٧، ل١٩٨ -١٩٩.

ئەمریکا کە باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانانیان هەبوو لە دیموکراتەکان بوون[6].

به درێژایی ساڵانی سییەکانی سەدەی بیست، ئەمریکا دووبارە پەیڕەوی لە بنەمای مۆنرۆ دەکرد و خۆی لە سیاسەتی جیهانی بەدوور دەگرت، تا گەیشتە ئەوەی لە چەندین وڵاتی ئەمریکای لاتین کشانەوە، وەک پاشەکشێی سەربازییان لە هیيتی و پاشان لە (١٩٣٣) لە نیکاراگوا و هەڵوەشاندنەوەی مافی دەست تێوەردان لە کوبا[7]. بەڵام ئەم گۆشەگیرییە دادی ویلایەتە یەکگرتووەکانی نەدا بە تایبەت لەدوای ئەوەی چەند پێشهات و ڕووداوێکی گرنگ هاتنە پێشەوە، وەک:

---

(٦) ئاراس فریق زەینەڵ: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٤-٣٦٥.

(٧) لوقمان خەیاڵی: پوختەیەک لە مێژووی گەورە زلهێزی جیهان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشبیری، ب.ش، ٢٠٠٥، ل٥٣.

## ١- داگیرکردنی مەنشووریا لە لایەن ژاپۆنەوە:-

ژاپۆنیەکان لە جەنگی (١٩٠٤-١٩٠٥)دا لەگەڵ ڕووسیا، توانیان چەند جیاوگێک لە مەنشووریا بەدەست بهێنن، لە جەنگی دووەمی جیهانیشدا دووبارە دەرفەت بۆ ژاپۆن ڕەخسایەوە کە پێگەی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی دوور بەهێزتر بکات، بەڵام ژاپۆن هەر بەمانەوە نەوەستاو لە ساڵی (١٩٣١) تەقینەوەی بۆمبێکی چێندراوی لە هێڵێکی ئاسندا کرد بە بیانوو تا لەشکرکێشی بۆسەر مەنشووریا بکات و بە تەواوی دەستی بەسەردا بگرێ، هەر لەو ماوەیەشدا حکومەتێکی سەر بە ژاپۆنییان بە ناوی (مۆنشکۆ)وە، تێدا دەمەزراند[8].

کۆمەڵەی گەلان ڕایگەیاند دان بە حکومەتە دەستکردەکەی ژاپۆندا نانێت، هەرچەند هیچ

---

(٨) سامان حوسێن ئەحمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢-١٢٣.

گەمارۆیەکی بەســەر ژاپۆندا نەســەپاند، بەڵام ژاپۆن لە کۆمەڵەی گەلان کشایەوە[9].

## ٢- لەشکرکێشی ئیتاڵیا بۆسەر ئەسیوبیا:-

هێزەکـانی ئیتـاڵیـا لە تشـــرینی یەکەمی (١٩٣٥)دا ئەســـیوبیایان داگیرکرد، کۆمەڵەی گەلان ویســـتی لە ڕێگەی ســـەپاندنی ســـزاوە ئیتاڵیا ناچار بە کشـــانەوە بکات، بەڵام بە پێچەوانەوە ئیتاڵیەکان لە ساڵی (١٩٣٦)دا زیـاتر برەویـان بە پێشـــڕەویەکـانیـانـدا و کردە سەربازییەکانیان لە ئەفریقا زیاترکرد[10].

---

(٩) ئاراس فریق زەینەڵ: س.پ، ل٣٨٦.

(١٠) هەمان سەرچاوە، ل٣٨٦.

## ٣- فراوانخوازییەکانی ئەڵمانیا:-

لە دوای هاتنە سەرکاری نازیەکانەوە ئەڵمانیا بەرەو شـــکاندنی ئەو کۆت و بەندانە هەنگاویَ دەنا کە لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەسەریدا سەپابوو، یەکێک لە ئـامـانجەکـانی هیتلەرو پـارتەکەی پوچەڵکردنەوەی پەیمـانی ڤێرســـای و پاشـــگەزبوونەوە لە پەیمـانە نێودەوڵەتیەکـان بوو، لە تشـــرینی یەکەمی (١٩٣٣) ئەڵمـانیـا لە بەنـدەکـانی چەک دامـاڵین کشـــایەوە و دواتریش ڕایـانگەیـانـد کە نیـازیـان هەیە لە کۆمەڵەی گەلانـــــیـــــش بـــــکشـــــێـــــنەوە، ســــەرەڕای ئەم هەنگـاوانە بەڵام کۆمەڵەی گەلان و زلهێزانی ئەوروپا ســزایەکی ئەوتۆیان بەســەر ئەڵمانیا نەسەپاند.

هیتلەر بەوانەوە نەوەستا، بەڵکوو لە ساڵانی (١٩٣٥-١٩٣٦) دەســتی بە گێڕانەوەی خاکە ئەڵمانی نشـینەکان کرد و هەرێمەکـانی ســـار و ڕاینی لە فەڕەنســـا

وەرگرتەوە، پاشـــــان لە ســـــاڵی (١٩٣٨) هەنگاوێکی گەورەتری نا کە ئەویش داگیرکردنی نەمســـا بوو، هەر لە هەمان ساڵدا توانی تەواوی خاکە ئەڵمانی نشینەکانی چیکۆسلۆفاکیاش بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە[11].

بەم شێوەیە لە کۆتایی سییەکانی سەدەی بیستدا بە ئاشکرا نزیکبوونەوەی جەنگی دووەمی جیهانی هەستی پێدەکرا، تا بە داگیرکردنی پۆڵەندا لە لایەن ئەڵمانیاوە لە ساڵی (١٩٣٩)دا، جەنگەکە هەڵگیرسا[12].

ســـــەرەڕای ئەم گۆڕانکــاریە خێرایــانەی جیهــان، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیڕەوی لە سیاسەتی گۆشەگیری دەکرد، کۆنگرێس لە ساڵی (١٩٣٥)دا یاسای یەکەمی بێلایەنی ئەمریکای پەســـەندکرد کە زیاتر وەک سنووردانانێک بوو بۆ دەسەڵاتی سەرۆک لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتدا. هەروەها بەهۆی داگیرکردنی حەبەشە

(١١) سامان حوسێن ئەحمەد، س.پ، ل ١٢٦–١٣٢.

(١٢) لوقمان خەیاڵی، س.پ، ل ٥٤–٥٥.

له لایەن ئیتاڵیاوە، دووبارە کۆنگریس کۆبوویەوە و له ساڵی (١٩٣٦) یاسای دووەمی بێلایەنی دەرکرد، هەر لەو ماوەیەدا بەهۆی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیاوە یاسای سێیەمیشی دەکرد. بەڵام له ساڵی (١٩٣٩) بەهۆی ڕفتارەکانی ئەڵمانیا و نزیکبوونەوەی جیهان له جەنگێکی خوێناوی، کۆشکی سپی فشاری خستەسەر کۆنگریس بۆ دەستکاریکردنی یاسای بێلایەنی بەشێوەیەک ڕێگەبدات سەرۆک ڕێوشوێنی گونجاو بگرێتەبەر بۆ بەرگریکردن له ویلایەتە یەکگرتووەکان له کاتی دروستبوونی هەر مەترسیەک[13]. بەم شێوەیە ئەمریکا و جیهان پێیاننایە نێو جەنگی دووەمی جیهانیەوە.

---

[١٣] هەمان سەرچاوە، ل ٥٤-٥٥.

## بەشی یەکەم: پاڵنەرەکانی بەشداری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە جەنگی دووەمی جیهانیدا:

### باسی یەکەم: مەترسی کەوتنی سیستەمە دیموکراتییەکان:

### أ- هێرشـــی ئەڵمانیا بۆ ســـەر پۆڵەندا و وڵاتانی ئەسکەندەنافی:-

هێزەکانی ئەڵمانیای نازی لە یەکی ئەیلولی (١٩٣٩) ســـنووری پۆڵەندایان بەزاند، لەســـەرەتادا پۆڵەندیەکان ســـەرســـەختانە بەرگرییان دەکرد، بەتایبەت لە ناوچەی پیشـــەســـازی (ســـیلیزیای ســـەروو) زیانێکی زۆر بەر سوپای ئەڵمانیا کەوت، بەڵام نازییەکان مەبەستیان بوو بە زوویی وڵاتەکە کۆنترۆڵ بکەن، هەربۆیە زۆر بە قورســـی بۆردمانی وارشـــۆی پایتەختیان دەکرد و بە هێزی زەمینیش لە پێشـــڕەویـدا بوون، تـا ئەوەی فەرماندەی سوپای پۆڵەندی ناچار بە خۆبەدەستەوەدان

بوو، بەوەش پۆڵەندا زۆر بە خێرایی و لەماوەی چەند هەفتەیەکدا داگیرکرا[14].

هیتلەر وا بیری دەکردەوە کە ئەم جەنگەش وەک ئەوانەی پێشـوو ناوچەیی دەبێ و فەڕەنسـا و بەریتانیا هەڵوێستێکی توندیان نابێ، بەڵام ئەم بۆچونە بەتەواوی هەڵەبوو، چونکە بەریتـانیـا و فەڕەنســــا کە بەڵێنی پارێزگارییان بە پۆڵەندا دابوو، جەنگیان لە دژی ئەڵمانیا ڕەگەیـانـد و بەوەش جەنـگـی دووەمـی جـیـهـانـی دەستپێکرد[15].

هەر لە سەرو وەختی لەشکرکێشی ئەڵمانیادا، یەکێتی ســـۆڤیەتیش لەبەرەی ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو پۆڵەنـدا پێشـــڕەوی کرد تـا بە پێی ئەو ڕێکەوتنەی لە نێوان

---

(١٤) کۆنسەر بلومنتریت: نهێنیەکانی شەڕی دووەمی جیهانی، وەرگێڕانی: یاسین هێژا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٦٦-٦٩.

(١٥) داڤید کیلێنگرەی: دوو جەنگی جیهانی، وەرگێڕانی: ئاگری ئەفشین، چاپی ئەلکترۆنی، ٢٠١٧، ل ٢٠.

ســـــۆڤیەت و ئەڵمانیادا هەبوو پۆڵەندا لە نێوان خۆیاندا دابەشــبکەن، هەر لە هەمان ڕۆژی خۆبەدەســتەوەدانی پۆڵەندا لە ٢٨ی ئەیلولی (١٩٣٩)، پەیماننامەیەک لەنێوان ســۆڤیەت و ئەڵمانیا واژووکرا و خاکی پۆڵەندایان کرد بە دوو بەشــــەوە کە بەشـــــی گەورە و زۆرینەی بەر ئەڵمانیا کەوت[16].

هیتلەر بۆ دەســـــتەبەرکردنی ئاســـنی خاو چاوی لە ئەسکەندەنافیا بوو، هەرچەند بەریتانیا پلانێکی دارشت تا لە ڕێگەی گرتنی مینای نارڤکی نەرویژیەوە بەرەیەکی تری جەنـگ لەدژی ئەڵمـانیـا بکـاتەوەو کەرەســـــتەی خـاویشـــــی لێ ببڕێت، بەڵام هیتلەر زووتر هەنگـاوی هـاویشـــــت و لە مـاوەیەکی کەمدا لە ٩ی نیســـــانی (١٩٤٠)دا، بێ بەرگریەکی ئەوتۆ دانیمارکی داگیرکرد و بەرەو نەرویژ کشـــــا، هەرچەند هێزێکی هـاوبەشـــــی فەڕەنســــا و بەریتانیا لە کەنارەکانی نەرویژدا بوون و

---

(١٦) سامان حوسێن ئەحمەد: س.پ، ل ١٤٢.

ویســـتیـان ڕێ لە ســـوپـای ئەڵمـانیـا بگرن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون و هێزەکانی ئەڵمانیا لە کەنارەکانی نەرویـژدا دابەزیـن و لە مـاوەیەکـی کەمـدا تەواوی وڵاتەکەیان داگیرکرد[17].

## ب- هێرشی ئەڵمانیا بۆ سەر ڕۆژئاوا (زەویە نزمەکان):-

ئەڵمـانیـا دوابەدوای ســـەرکەوتنەکـانی لەبەرەی ڕۆژهەڵاتـدا، ڕووی کـردە ڕۆژئـاوا و بەرەو زەویە نزمەکان کشا، شەڕێکی کتوپڕی بەرپاکرد و هێزەکانیان بەرەو فەڕەنســـا و هۆڵەندا و بەلجیکا دەســـتیان بە پێشـــڕەوی کرد، تانکەکانی ئەڵمانیا بە نێو دارســـتان و لێرەوارەکانی (ئاردین)دا، تێپەڕین، کە فەڕەنســـیەکان پێشـــبینیان نەکردبوو دووژمن بتوانێ بەتانکەوە ئەو دارســـتانانە ببڕێ، بەڵام ســـوپای ئەڵمانیا تێپەڕاند و بەری پشتەوەی لە هێزەکانی بەریتانیا و فەڕەنسا گرت،

---

(١٧) هەمان سەرچاوە، ل ١٤٣-١٤٤.

بەم شێوەیەش سەرکەوتنی ئەڵمانیەکان مسۆگەر بوو، هاوپەیمانان پەرتەوازە بوون و بەریتانیا بە سەختی توانی بەشێک لە سوپاکەی لە ڕێگەی دەریاوە دەرباز بکات[18].

ئەڵمانیەکان بەرەو پاریس لە پێشڕەویدا بوون، هەبۆیە فەڕەنسا پشێویەکی گەورەی تێکەوت و داوای هاوکاری بەپەلەی لە بەریتانیا و ئەمریکا دەکرد، لەگەڵ گەورەتربوونی مەترسیەکان لەسەر پاریس، پایتەختیان گواستەوە بۆ شاری (تۆر) پاشان بۆ (بۆرد). تا دەهات بارودۆخەکە دژوارتر دەبوو، ئەڵمانیەکان توانیان بچنە ناو پاریسەوەو شارەکە کۆنترۆڵ بکەن، ئەوەبوو (پۆل ڕینۆ)ی سەرۆک وەزیران دەستی لەکار کێشایەوەو لە جێی ئەودا (ژەنەڕاڵ پیتان) دەسەڵاتی وەرگرت و حکومەتێکی لە (فیشی) دامەزراند و لەگەڵ

---

(١٨) محمد ئیحسان: ململانێیە نێودەوڵەتییەکان لەسەدەی بیستەم، وەرگێڕانی: ئاسۆ کەریم و کامەران مەنتک، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل ١٣٠.

ئەڵمانیەکانیشدا ڕێککەوت، کە ئەم ڕێکەوتنە زیاتر وەک خۆبەدەستەوەدان و داننان بوو بە دەسەڵاتی ئەڵمانیادا[19]. فراوانبوونی هەژموون و دەسەڵاتی نازیسم لە ئەوروپا و کردە سەربازیەکانی ژاپۆن لە ڕۆژهەڵاتی دووردا، ئەوەی سەلماند کە ئەمریکا ناتوانێ تا کۆتایی بە بێلایەنی و دوورەپەرێزی بمێنێتەوە، هەربۆیە بڕیاری قەدەغەی ناردنی چەک بەرەو وڵاتانی بەشەڕهاتوو هەڵوەشایەوە بڕگەی (قەرز و کرێ) جێگیرکرا، کە بەپێی ئەو بڕگەیە ئەمریکا چەک و کەرەستەی سەربازی بۆ بەریتانیاو وڵاتە هاوپەیمانەکانی دیکەی دابین دەکرد[20].

لە پاش داگیرکردنی پاریس لە لایەن ئەڵمانیەکانەوە لە ساڵی (١٩٤٠)، فرانکلین ڕۆزفێڵد بە ئاشکرا ڕایگەیاند

---

(١٩) سامان حوسێن ئەحمەد: س.پ، ل١٤٥-١٤٦.

(٢٠) فریشتە نورائی: س.پ، ل٢١٠.

وڵاتەکەی دەبێتە جبەخــانەو یــارمەتی و کۆمەکی پڕچەککردنی وڵاتە دیموکراتییەکان دەکات[21].

(٢١) ئاراس فەریق زەینەڵ: س.پ، ل٣٩١.

## باسی دووەم: بەهێزبوونی ئەڵمانیای نازی و سەرکەوتنە خێراکانی:

### أ- تێکۆشانی ئەڵمانیا بۆ کۆنترۆکردنی تەواوی ئەورووپا:-

ئەڵمانیا لە نیسانی (١٩٤١) دەستی بە پێشڕەوی کرد بۆ کۆنترۆڵکردنی باڵکان، بۆ ئەمەش داوایان لە ڕۆمانیا کرد کە ڕێگە بە تێپەڕبوونی سوپاکانیان بدات، ئەوەبوو لەژێر فشـــاری زۆری هیتلەردا ڕۆمانیا بەوە ڕازیبوو، هەر دوای ئەمەش هەریەکە لە هەنگاریـا و بولگاریـا بەهەمان چارەنووســـدا تێپەڕین، بەڵام یۆگۆســـلاڤیا ڕەتیکردەوە ملکەچی ئەڵمـانیـا بێـت، هەربۆیە هیتلەر فەرمانیدا ئۆپراســـیۆنی ماریتا کە پلانی کۆنترۆڵکردنی بـاڵکـان بوو، یۆگۆســـلاڤیـا بگرێتەوە و هێرشـــی بکرێتەســـەر، ئەوەبوو نـازییەکـان دوای بۆردمـانی ســـەختی بەلگراد، پێشـــڕەوییان دەســـتپێکرد، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا یۆگۆسلاڤیا گیراو سوپای ئەڵمانیای پێدا

پەڕیەوە بەرەو یۆنـــان کە ئـــامـــانجی دواتر بوو[22].
ئەڵمـــانیـــای نـــازی لە ٢٢ی حوزەیرانی (١٩٤١)، لە ژێرناوی ئۆپراسـیۆنی باربارۆسـا، هێرشـێکی فراوانی بۆسـەر یەکێتی سـۆڤیەت دەسـتپێکرد، کە ڕەنگە تا ئەو دەمە گەورەترین هێرشی سەربازی بوبێت لە مێژوودا، هیتلەر زیاتر لە (٣١٠٠،٠٠٠) سێ ملیۆن و سەد هەزار سەربازی ئەڵمانی و (٦٥٠،٠٠٠) شەسەدو پەنجا هەزار ســـەربازی نەتەوە و وڵاتەکانی تری وەک ئیتـاڵیا و ڕۆمانیا و هەنگاریا و یۆگۆســـلاڤیای لەو هێرشـــەدا بەکارهێنا[23].

ئەڵمـانەکـان هەر لە ڕۆژانی یەکەمی هێرشـــەکەوە ســـەرکەوتنەکانیان بەدیارکەوت، دەســـتیان بەســـەر کەرەستە و کەلوپەلێکی زۆری سوپای سۆڤیەتدا گرت

---

(٢٢) سامان حوسێن ئەحمەد: س.پ، ل١٤٨.
(٢٣)Christopher Catherwood: World war II - A beginer´s Guide, London , 2014, p 57-58.

و له مانگی تشرینی دووەم توانیان هێزەکانی سۆڤیەت ناچاربکەن بەرەو ئۆکراینا بکشێنەوە، هەر بە ماوەیەکی کەم پاش دەستپێکی هێرشەکە سوپای ئەڵمانی توانی گەمارۆی شاری لینینگراد بدات[24]. بەم جۆرە ئەڵمانیا نزیکبوو لە کۆنترۆڵکردنی تەواوەتیی ئەوروپا.

## ب- مەترسیەکانی بەهێزبوونی ئەڵمانیا:-

ئەڵمانیا زۆر بە خێرایی کۆنترۆڵی ناوچەکانی ئەوروپای دەکرد و زلهێزەکانی ئەو کیشوەرەی بە چۆکدا هێنابوو، ئەمەش بڕیاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی نیگەران کردبوو، هەرچەند هێرشی ژاپۆن لە (١٩٤١) بۆسەر (پێرل هاربەر) هۆکاری

---

(٢٤) جۆن ئار . ماتیوز: سەرهەڵدان و ڕووخانی یەکێتی سۆڤێت، وەرگێڕانی: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، ل٦٩.

بەشداری ڕاستەوخۆی ئەمریکا بوو لە جەنگەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا درککردن  بە مەترسیەکانی بەهێزبوونی ئەڵمانیاش هۆکارێکی دیکەبوو کە ناکرێ لەبەرچاوی نەگرین، بەگشـــتی دەکرێ لەم جەند خاڵەدا کورتی بکەینەوە:

١. ئەمریکا ترسی لەوە هەبوو ئەڵمانیا دەستبەسەر تەواوی ئەوروپادا بگرێت و بەوەش زیان بە بەرژەوەندیە ئابوورییەکانی ئەمریکا بگەیەنێت.

٢. ئەمریکا پێی باشبوو لە پاڵ فەڕەنسا و بەریتانیادا بەشداری ئەم جەنگە بکات، نەک لە دوا ڕۆژدا ناچاربێ بە تەنها بچێتە جەنگەوە، ئەویش دوای ئەوەی ئەڵمانیا بەسەر فەڕەنسا و بەریتانیادا زاڵ دەبێت.

٣. ئەمریکا گەیشتە ئەو باوەڕەی کە بەریتانیا یەکەم هێڵی بەرگرییە بۆ ئەو.

٤. هەروەهــا لەبەر ئەوەی ســـــیســـــتەمی حکومڕانی فەڕەنســـی و بەریتانی کە لەســـەر بنەمای هەڵبژاردن و دیموکراســی بوو، زیاتر لە ســیســتەمی دیکتاتۆرییانەی فاشـــیزمی ئیتاڵی و نازیســـمی ئەڵمانی نزیکتربوو بۆ ئەمریکا[25].

---

(٢٥) سامان حوسێن ئەحمەد: س.پ، ل ١٥٤_١٥٥.

## باسی سێیەم: هەڕەشەکانی ژاپۆن بۆسەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە زەریای هێمن:

### أ- فراوانخوازیەکانی ژاپۆن لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا:-

یەکێک لە هۆکارە دیار و ئاشـــکراکان کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی پەلکێشـی جەنگی دووەمی جیهانی کرد، پرسـی ڕۆژهەڵاتی دوور و پەرەسـەندنی گرژیەکان بوو لەگەڵ ژاپۆندا[26]. لەسـیەکانی سـەدەی بیسـتەمدا ژاپۆن تاکە وڵاتی پیشـەسـازی ڕۆژهەڵاتی دوور بوو، خاوەنی ژمارەیەکی زۆری دانیشـــتووان و کرێکاری کارزان و بەتوانـا بوو، بەڵام کێشـــەی ســـەرەکی نەبوونی کەرەسـتەی خاو بوو، پێویسـتبوو لە دەرەوە هاوردەی

---

(٢٦) هـ.ا.ل.فیشەر: مێژووی نوێی ئەوروپا، وەرگێڕانی: شوکر سلێمان و سەروین ئەرجان، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر، ٢٠١٥، ل٦٤٨.

بکات، ســەرکردایەتی ژاپۆن گەیشــتبووە ئەو باوەڕەی کە تاوەکوو دەست بەسەر وڵاتانی دراوسێیاندا نەگرن و خۆیان نەبنە خاوەنی کەرەستەی خاو، ناتوانن خۆیان لە ئەگەری لاوازبوون بپارێزن، هەر بۆیە لە ســـاڵی (١٩٣١) ناوچەی (مەنشوریا)ی لە وڵاتی چین داگیرکرد، ئەم فراوانخوازیانەی ژاپۆن جێگەی نیگەرانی ئەمریکا و فەڕەنســـا و بەریتانیا بوو چونکە درکیان بەوەکردبوو کە ژاپۆن بەرژەوەنـدیەکـانیـان لە ڕۆژهەڵاتی دوور دەخاتە مەترسـیەوە، بەهەمان شـێوە ژاپۆنیش ترسـی هەبوو لەوەی ئەمریکاو ئەوروپا پشـتیوانی چینیەکانیان دەکرد[27].

هەربۆیە لە ڕێکەوتنێکی سێ قۆڵیدا لە ٢٧ی ئەیلوولی (١٩٤٠)، ژاپۆن لەگەڵ ئەڵمانیای نازی و ئیتاڵیای فاشـی گەڵاڵەنامەیەکی واژوکرد کە تێیدا دانینا بە ســـەروەری ئەڵمانیا و ئیتاڵیا بەســـەر ئەوروپادا، لە بەرامبەریشـــدا

---

(٢٧) داڤید کیلێنگرەی: س.پ، ل٢٠.

ئەڵمانیا دانینا بە سەروەری ژاپۆن لە ڕۆژهەڵاتی دووردا، هەروەها ڕێککەوتن کە لە کاتی جەنگدا هاوکاری یەکتری بکەن، هەربۆیە لە هاوینی (١٩٤٠)دا، ژاپۆن دەستیدایە سیاسەتێکی توندی فراوانخوازی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا، دوای ئەوەی داگیرگەیان لە هیندی چینی فەڕەنسی دامەزراند، بەرەو ناوچەکانی باکووری هیندی چینی ڕۆیشتن و بەمەش بەرژەوەندیەکانی بەریتانیایان دەخستە مەترسیەوە، هەروەها ترسیان لەسەر بوونی ئەمریکا لە فلیپیندا دروستدەکرد[28].

ژاپۆنییەکان خۆیان بە فریادڕەسی گەلە ئاسیاییەکان دەزانی*، دروشمی (ئاسیا بۆ ئاسیاییەکان)یان

---

(٢٨) سامان حوسێن ئەحمەد: س.پ، ل ١٥٤.

* هەڵبەت ئەم دروشمی فریادڕەسی و ڕزگاریخوازیەی ئاسیا، تەنها بیانوویەک بوو کە ژاپۆن بەکاریدەهێنا بۆ پاساودان بە داگیرکارییەکانی، ئەگەرنا لەڕووی توندوتیژی و پاکتاوکردنی گەلانی ئاسیاویەوە زۆر لە پێشی داگیرکاری و وێرانکاری

بەرزکردبوویەوە، ژاپۆنییەکان بیریان لەوە دەکردەوە بازاڕێکی هاوبەش لە نێوان وڵاتانی ئاسیایی دروستبکەن و کۆنترۆڵیشی لەژێر دەستی خۆیان بێت، پڕۆپاگەندەی ئەوەشیان دەکرد کە دەیانەوێ ئابووری ئاسیا لە ژێر کۆنترۆڵی ئەوروپییەکان دەربهێنین[29].

---

ئەوروپییەکانەوە بوو، بەتایبەت لە داگیرکاری چیندا سوپای ژاپۆن کوشتاری بێئەندازەی لە دانیشتووانی ئەو چین دەکرد، ئەوەتا بەس لە کۆمەڵکوژی شاری (نانکینگ)ی چینیدا لە (١٩٣٧)، بەهەزاران کەسی مەدەنی و بێچەکی کۆمەڵکوژکرد، ئەمە سەرەڕای ئەو دەستدرێژی و تاوانە بێشومارانەی دیکە کە بەرامبەر زیندووەکان ئەنجامی دەدا. بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە، بڕوانە: (ئەردەڵان عەبدوڵا: چین – زلهێزی نوێی جیهان، ل١٢٥-١٣٦).

(٢٩) ئاراس فەریق زەینەڵ: س.پ، ل٤٠٢.

## ب- پەرەسەندنی گرژیەکان لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ژاپۆندا:-

ژاپۆن بە چـاوێکی ورد و ئـاگـاییەکی زۆرەوە دەیڕوانییە ئەو ململانێیەی لە ئەوروپادا دروسـتببوو، دەیوسـت بە باشـترین شـێوە ئەو هەلە بقۆزێتەوە بۆ فراوانکردنی دەسـەڵاتی خۆی لە باشـووری ڕۆژهەڵاتی ئاسـیادا، کاتێک لە لاوازبوونی فەڕەنسـا دڵنیا بوویەوە داوای لە حکومەتە لاوزەکەی فیشـی کرد کە ڕێگەی بـدات چەنـدین فڕۆکەخـانە و داگیرگە لە نـاوچەکـانی هینـدی چینی فەڕەنسـی دابمەزرێنێـت، هەڵبەت حکومەتەکەی فیشـی لە بـارێکـدا نەبوو ڕەزامەنـدی لەسـەر ئەو کـارە نەدات بـۆیە ڕازیبـوو، ویـلایەتە یەکگرتووەکان بەم هەنگاوەی ژاپۆن نیگەرانبوو، وەک کـاردانەوەیەک هەسـتـا بە پێـدانی قەرزێـک بە چین، هەروەها گەمارۆشـی بەسـەر ژاپۆندا سـەپاند، ڕۆزفێڵد بەوەشـەوە نەوەسـتا هێزەکانی کۆماری فلیپینیشـی

خستە پاڵ سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، ژەنەڕاڵ (دۆگلاس ماک ئارسەر)یشی دامەزراند بە سەرکردەی باڵای هێزەکانی ئەمریکا، بەریتانیا و هۆڵەنداش بەم بڕیارانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان کاریگەربوون و گەمارۆیان بەسەر ژاپۆندا سەپاند[30]

ئەمریکا لە فشارەکانی بۆ سەر ژاپۆن بەردەوامبوو، هەر لە چوارچێوەی ئەو سزاو گەمارۆیانەی بەسەر ژاپۆندا سەپاندبووی، لە ٢٦ی یۆلیۆی (١٩٤١) بڕیاریدا بە قەدەغەکردنی هەموو ناردەنیەکان و دەست بەسەرداگرتن یان بلۆککردنی هەموو موڵک و ماڵی ژاپۆنیەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، ئەمە جگە لەوەی کە لە پێشتریشدا ئەمریکا یاسایەکی دانابوو کە بە پێی ئەو یاسایە، کۆچکردنی کرێکارە ژاپۆنییەکانی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان قەدەغەکردبوو، سەرەڕای ئەمانەش ئەمریکا ئەو ڕێککەوتنە بازرگانییەی

---

(٣٠) هـ.ا.ل.فیشەر: س.پ، ل ٦٤٨-٦٤٩.

ڕەتکردەوە کە لە ســـــاڵی (١٩٤١) لە نێوان ئەمریکاو ژاپۆندا مۆرکرابوو[31].

ژاپۆن ســـوربوو لەســـەر داگیرکارییەکانی لە چیندا، لەم پێناوەشـدا توندوتیژییەکی بێوێنەی دەنواند، ئەمەش ڕقلێبوونەوەیەکی زۆری خســـتەوە، چونکە ژاپۆنییەکان بەهیچ شـــێوەیەک بەرژەوەنـدییەکـانی ئەمریکـایـان لەبەرچـاو نەدەگرت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە پەیوەنـدیەکـانی ئەمریکـاو ژاپۆن گرژی و ئـاڵۆزییەکی زۆر بەخۆیەوە ببینێت، تـا ئەوەی فرانکلین ڕۆزفێڵـدی ســـەرۆکی ئەمریکا، لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ســـاڵی (١٩٤١)، داوای لە ئیمپڕاتۆری ژاپۆن کرد کە کار بکەن بۆ پاراســتنی ئاشـتی، ژاپۆنیش وەفدێکی ڕەسـمی نارد بۆ واشـــنتن بۆ چارەســـەرکردنی ناکۆکیەکانیان بە شێوەیەکی ئاشتیانە[32].

---

(٣١) ئاراس فریق زەینەڵ: س.پ، ل٤٠٤.

(٣٢) هەمان سەرچاوە، ل٤٠٥.

بەڵام وا دیارە ژاپۆن ئەم وەفدەی تەنها بەمەبەستی بەدەســـتهێنانی کاتی زیاتر ناردبێتە ئەمریکا، نەک بەمەبەســـتی ڕێککەوتن، چوونکە هەر لەو کاتەی کە هێشـــتا وەفدەکەی ژاپۆن لە ئەمریکا بوون، هێزی ئاســـمانی ژاپۆن لە ٧ی کانوونی یەکەمی (١٩٤١)، هێرشـــێکی کوتوپڕ و فراوانی کردە ســـەر کەشـــتیگەلی ئەمریکی لە بنکەی (پێرل هاربەر)، بە ڕۆژێک دوای هێرشـــەکەی ژاپۆن، ئەمریکا و بەریتانیا جەنگیان لە دژی ژاپۆن ڕاگەیاند، هەر لە هەمان ڕۆژیشـدا هەریەک لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا جەنگیان لە دژی ئەمریکا ڕاگەیاند، بەم شـــێوەیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چووە نێو جەنگی دووەمی جیهانیەوە[33].

---

(٣٣) سامان حوسێن ئەحمەد: ل١٥٤.

## بەشی دووەم: پرۆسەی جەنگ و پێکدادانەکان:

### باسی یەکەم: پەیمانی ئەتڵەسی و ڕاگەیاندنی جەنگ دژی وڵاتانی تەوەر:

#### أ- یارمەتیەکانی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانان و بەستنی پەیمانی ئەتڵەسی:-

لە سەرەتای کانوونی یەکەمی (١٩٤٠)، وینستۆن چەرچل نامەیەکی ئاڕاستەی ویلایەتە یەکگرتووەکان کرد، لەنامەکەدا داوای یارمەتی بەپەلەی چەک و فڕۆکە و پێداویستییە سەربازییەکانی دیکەی لە ئەمریکا کردبوو، بەڵام دانی بەوەدا نابوو کە حکومەتی بەریتانیا لەم کاتەدا دەرامەتێکی وای بەدەستەوە نیە تا خەرجی ئەو کەلوپەلانە بدات. بەریتانیا بەهۆی هێرشی ژێردەریاییەکانی ئەڵمانیاوە، توانای پاراستنی هێڵەکانی

باکووری ئەتڵەسی نەمابوو، هەر بۆیە بە ناچاری دەبوو پەنا بۆ ئەمریکا ببات[34].

لاوازبوونی بەریتانیا بەو ئەندازەیە، مایەی نیگەرانی ئەمریکا بوو، بۆیە تا دەهات زیاتر مەیلی بەلای هاوکاریکردنی بەریتانیادا دەهات، ڕۆزفێڵد لە ١٠ی حوزەیرانی (١٩٤٠)، ڕایگەیاند ئەمریکا یارمەتی هەموو ئەو وڵاتانە دەدات کە بەر پەلامار و هێرشی نازییەکان کەوتوون، بەریتانیا ئەوەی دوپات دەکردەوە کە پێویستە ئەمریکا بەشداری ڕاستەوخۆ لە جەنگەکەدا بکات، ئەگەرچی ئەمریکا بەمە ڕازی نەبوو، بەڵام لە ئەیلوولی (١٩٤٠)، ڕێککەوتنێکی لەگەڵ بەریتانیا مۆرکرد، کە بە پێی ئەو ڕێککەوتنە ئەمریکا چەندین پارچە چەکی دەریایی ڕادەستی بەریتانیا دەکرد[35].

---

(٣٤)Robert V. Remini: A Short History of the United states, Harper Collins e-books, p 234.

(٣٥) سامان حوسێن ئەحمەد: س.پ، ل١٥٣.

لەبەرامبەر ئەمەشدا بەریتانیا بنکە سەربازییەکانی لە (ئەلباهاماس، جامایکا، سـانتالوسـیا، ترینیتی، ئەنتیگوادا) بۆ ماوەی (٩٩) ساڵ بەکرێ دەداتە ئەمریکا[36].

هـاوکاریەکانی ئەمریکا تەنها لە یارمەتی بەریتـانیادا قەتیس نەبوو، بەڵکوو هاوکاری یەکێتی سـۆڤیەتیشـی دەکرد، هەرچی پارە و سـامانی ئیتاڵیا و ئەڵمانیاش کە لە ئەریکـادا هەیـانبوو، بلۆکی کرد، ئەمە سـەرەڕای هێرشـکردنە سـەر ئەو ژێردەریاییە ئەڵمانیانەش کە هەوڵیان دەدا ڕێگری لەو کەشـتیە ئەمریکیانە بکەن کە هاوکارییان دەگەیاندە بەریتانیا، هەنگاوەکانی هاوکاری ئەمریکا گەیشـتە ئاسـتێک لە ئابی (١٩٤١)، ڕۆزفێڵد کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ (چرچڵ)ی سـەرۆک وەزیرانی بەریتانیا گرێدا. کۆبوونەوەکە لەسـەر پشـتی کەشـتیەک لە زەریای ئەتڵەسـیدا لە نزیک (فاوندلاند) بەسـترا، هەر بۆیە ئەو گەڵاڵەنامەیەی لەئەنجامی ئەم ڕێکەوتنەدا هاتە

---

(٣٦) ئاراس فریق زەینەڵ: س.پ، ل٣٩١.

کایەوە بە (گەلالەنامەی ئەتلەسی) ناونرا، کە تێیدا هەردوو لایەن لەسەر هاوکاریکردنی یەکتری ڕێککەوتن بۆ شکست پێهێنانی ولاتانی تەوەر، ئەمە سەرەڕای گفتوگۆ لەسەر هەندێک ڕێوشوێنی دوای جەنگەکەش[37].

## ب- ڕاگەیاندنی جەنگ:-

لە سەرووەختی فراوانخوازیەکانی ژاپۆن لە نیمچە دورگەی (هیندی - چینی)دا، ئەمریکا هەڵوێستێکی توندی وەرگرت و کۆمەڵێک سزای ئابووری بەسەر ژاپۆندا سەپاند، بەلام ئەم فشارانە ژاپۆنیان پەشیمان نەکردەوەو گفتوگۆو دانوستاند لە نێوانیاندا بەردەوام بوو، پەیوەندیە دیبلۆماسیەکانیش لە نێوانیاندا

---

(٣٧) سەعدی عوسمان هەروتی: مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا - لە دەستپێکەوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، چاپی دووەم، ٢٠٢١، ل٤٠١.

هەرمــابوو، لە مەنگی ئــایــاری (١٩٤١)دا، (ڕۆزفێڵــد) پەیـامێکی بە بـاڵیۆزی ژاپۆن لە واشـــنتۆن گەیـاند و پێیوت: "هەر دەســـتدرێژییەکی نوێ لە لایەن ژاپۆنەوە، دەبێتە هۆی بەشداریکردنی ئەمریکا لە جەنگدا دژی ئەم وڵاتە" بەڵام ژاپۆن هەر وەکوو پێشــتر لەســەر کردەوە فراوانخوازییەکانی بەردەوامبوو، لە ناوچەکانی (هیندی - چینی) و نـاوچەکـانی تری بـاشـــووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە هەوڵی فراوانخوازی نوێدا بوو[38].

هەموو فاکتەرەکان لەســـەر ئاســـتی ناوخۆیی و دەرەکیش لە دواجاردا بەرەو پەلکێشـکردنی ئەمریکا بۆ ناو ئۆپراســـیۆنە ســـەربازیەکان دژی وڵاتانی تەوەر هەنگاویان دەنا، هەرچەند حکومەتی ئەمریکا، لە دوای هەڵگیرســـانی شـــەڕی نێوان وڵاتانی تەوەر و دەوڵەتە هـاوپەیمـانەکان، چەند هەنگاوێکی بە دژایەتی وڵاتـانی تەوەر و پشـــتیوانی هــاوپەیمــانەکــان نــابوو، بەڵام

---

[٣٨] هەمان سەرچاوە، ل٤٠٢-٤٠٣.

بەشـــداری ڕاســـتەوخۆی لەو کاتەوە دەســـتیپێکرد کە هێزە ئاســـمانییەکانی ژاپۆن لە ٧ی کانوونی یەکەمی (١٩٤١)، هێرشـێکی کتوپڕو فراوانیان کردە سـەر بنکەی دەریـایی ئەمریکی لە (پێرل هـاربەر)ی دورگەکـانی هـاوایی، ئەمەش زیـانێکی گەورەی مـادی و مرۆیی لێکەوتەوە کە لە پێشـــبینی ئەمریکادا نەبوو، هەر پاش ئەوەش هەموو پێگەکـانی ئەمریکـا لە وڵاتـانی فلیپین و دورگەی گوام و ناوچەکانی دیکەی سـەر زەریای هێمن کەوتنە بەر هێرشی چڕی ژاپۆن[39].

ئەم هێرشە خاڵی چوونە ژوورەوەی ئەمریکا بوو بۆ جەنگ، ڕۆژێک دوای هێرشـــەکە ئەمریکا و بەریتانیا جەنگیان دژی ژاپۆن ڕاگەیاند و هەر لە هەمان ڕۆژیشدا ئەڵمانیا و ئیتاڵیا جەنگیان لە دژی ئەمریکا ڕاگەیان[40].

---

(٣٩) رأفت غنيمي الشيخ: أمريكا والعالم - في التاريخ الحديث والمعاصر، الطبعة الأولى، الناشر: عين الدراسات و البحوث الإنسانية والاجتماعية، ٢٠٠٦، ص١٧٧.

(٤٠) سامان حوسێن ئەحمەد: س.پ، ل١٥٤.

## باسی دووەم: پێکدادانە سەربازییەکان:

## سەرەتای نسکۆی وڵاتانی تەوەر:-

دوای ئەوەی ژاپۆن بەفەرمی هاتە مەیدانی جەنگەوە، هێزی دەریـایی هـاوپەیمـانـان گورزی کوشـــنـدەی بەرکەوت، لە کـانوونی یەکەمی (١٩٤١)، فڕۆکەکـانی ژاپۆن لە بۆردمانێکدا توانی چەندین کەشـــتی بەریتانی نوقم بکات، لە شـوباتی (١٩٤٢)شـدا کەشـتیگەلی ژاپۆنی لە دەریـای (جـاوە)دا، هێزێکی گەورەی هـاوپەیمـانـانی تێکشـــکاند، بەم جۆرەش باڵادەســتی ژاپۆن لە زەریای هێمن و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاســیادا بوو بە ئەمری واقیع، ئەمە جگە لەو ســـەرکەوتنانەی لە وشـــکانیدا تۆمـاری دەکردن، لە ٢٥ی کـانوونی دووەمی (١٩٤٢) توانی (هۆنـگ کۆنـگ) داگیربکـات، دواتریش دەســـتی بەســـەر (کوالامبۆر) داگرت و لە ١٥ی شــوباتی هەمان ساڵیشـدا بنکەی دەریایی سـەنگافورەی گرت، دواتریش لە چەنـد هەڵمەتێکی یەک بەدوای یەکـدا دوورگەکـانی

هیند و هیندی ڕۆژهەڵاتی هۆڵەندی و فلیپین و بەشـــی زۆری ڕۆژئاوای زەریایی هێمنی گرت، ئەوەی مـابوو تەنها شــوێنەکانی وەک هیندســتان و ئوســترالیا بوو، بەڵام هەڵکردنی بای وەرزی بوو بە بەربەســـتێک لە بەردەم ئەم هەوڵانەیدا بۆیە تەنها لەو ناوچانەدا مایەوە کە داگیری کردبوون[41]. ئەم ســـەرکێشـــیانەی ژاپۆن، ویلایەتە یەکگرتووەکـانی پەلکێشـــی جەنگەکە کرد، هەڵبەت هـاتنە نـاوەوەی ئەمریکـا بۆ هـاوپەیمـانـان بایەخێکی یەکجار زۆری هەبوو، چونکە لەو ســـاتەدا ســوپاکەی هیتلەر ســەرکەوتنێکی زۆری لە ئەوروپای ڕۆژئاواو بەڵقان بەدەست هێنابوو، ئەمە سەرەڕای ئەو پێشڕەوییە فراوانەی لە ناو دڵی ڕووسیادا کردبووی،

ژێردەریـایەکـانیشـــیـان بە زەریـای ئەتڵەســـیدا بڵاوبوبوونەوەو فشـارێکی زۆریان لەسـەر کەشـتیەکانی هاوپەیمانان دروســـتکردبوو، ڕێگەی دەریای ســـپی ناوەڕاســتی بەڕووی هاوپەیماناندا داخســتبوو، بەوەش

---

(٤١) سامان حوسێن ئەحمەد: س.پ، ل١٥٥-١٥٦.

ناچاریان دەکردن بە ڕێگەی (رأس الرجاء الصـــالح)ی کۆن بەکـاربهێنن، کە دەیگەیـاندن بە میســـرو هینـد، هەرچی بـاکووری ئەفەریقیـایە لە تونســـەوە هەتـا ڕۆژئاوای میسر، لە ژێر کۆنترۆڵی وڵاتانی تەوەردابوو، ئەڵمانیا لەوێوە هەڕەشەیەکی گەورەی بۆسەر پێگەکانی بەریتانیا دروســـتکردبوو، ئیســـپانیاش لەو کاتەدا بۆ فڕانکۆ یەکلا بوبوویەوە کە دیکتـاتۆرێکی خۆســـەپێن بوو، هـاوکـاریەکی زۆریشـــی لە وڵاتـانی تەوەر وەرگرتبوو، بۆیە ئەگەری هەبوو لە هەر کـاتێکدا بێت بچێتە پـاڵیـان. بە تێڕوانین لەو خـاڵانەی ســـەرەوە دەتوانین درک بەوە بکەین کە بۆچی بەشـداری ئەمریکا بەلای هاوپەیمانانەوە ئومێدبەخش و دڵخۆشکەر بوو[42].

لە ناوەڕاســتی (١٩٤٢)دا، هێزەکانی ئەمریکا فڕۆکەو پاپۆڕی جەنگی نوێیان گەیاندە زەریای هێمن و توانیان لە ناوچەکانی سولومون دەستبەسەر کەناڵی (گودال)دا

---

(٤٢) هـا.ل.فیشـەر: س.پ، ل٦٥٠.

بگرن، لێرەوە هەنگـاونـان بەرەو گەڕانـدنەوەی ئەو خاکانە دەستیپێکرد کە ژاپۆن داگیری کردبوون، ئەوەی هێندەی تر بارەکەی لەسـەر ژاپۆنییەکان قورسـکرد، شـکسـتە گەورەکەیان بوو لە دەریای مەرجان، کە لە لایەن هێزی ئاسـمانی ئەمریکیەوە زۆر بە سـەختی بۆردمـانکران، بەوەش توانییـان پـارێزگـاری لە نیمچەدورگەی هیندی بکەن و لە هێرشـی ژاپۆنییەکانی بپارێزن، ئەمە سـەرەڕای لەناوبردنی خەونی ژاپۆن بۆ دەسـتبەسـەرداگرتنی ئوسـترالیا، هەرچی چینیەکانیش بوو بە هـاوکـاری ئەمریکـا بەردەوامبوون لە جەنگ و ڕووبەڕوو بوونەوە لە دژی ژاپۆن، بەریتـانیەکـانیش توانیان خۆیان لەبەردەم هێرشی ژاپۆنییەکان ڕابگرن[43].

هەر لەو ماوەیەدا کە ژاپۆن و ویلایەتە یەکگرتووەکان بە فەرمی لە جەنگەکەوە گلان، بارودۆخیش لە هەموو

---

(٤٣) عەونی عەبدولڕەحمان سەبعاوی: مێژووی ئەمریکا – نوێ و هاوچەرخ، وەرگێڕانی: محمد عەبدوڵا کاکەسور، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، ل٢٥٩.

بەرەکاندا گۆڕانی بەســـــەردا دەهات، ولاتانی ئیتالیا و ئەلمــانیــا لە بــاکووری ئەفریقــا کەوتبوونە حــاڵەتی بەرەنگاری و پێشــــڕەوییەکانیان وەســــتابوو، بەتایبەت کــاتێــک هــاوپەیمــانــان لە کــانوونی یەکەمی (١٩٤١) هێزەکــانیــان لە جەزائیرو مەغریــب دابەزانــد، بەمەش بەرەیەکی دیکەی شــــەڕیــان لەدژی ولاتــانی تەوەر کردەوە[44].

هێزەکانی بەریتانیا بە پاڵپشتی ئەمریکا لە سەرەتای ســــاڵی (١٩٤٢) لە جەنگی (عەلەمێن)، هێرشــــی ئەڵمانیەکانیان تێکشــکاند کە بە مەبەســتی داگیرکردنی میســــرو کەنـاڵی ســــوێس ئەنجـامیـان دابوو، دواتر هێزەکانی ئەڵمانیا کە (ڕۆمل) ســــەرکردایەتی دەکردن بەرەو تەرابلوســی لیبیا پاشــەکشــەیان کرد و بەوەش مەترســـیەکانی ســـەر کەناڵی ســـوێس کۆتاییان پێهات، پاشــان لە کۆتایی ئابی (١٩٤٢) لەشــکرێکی ئەمریکی لە

(٤٤) هەمان سەرچاوە، ل٢٥٨-٢٥٩.

کەناری باکووری ئەفریقای فەڕەنسی دابەزی و هێرشی فراوان دەستپێکرد[45]. لە ١٢ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا هاوپەیمانان توانییان بچنە ناو (گبرقەوە)، لە ١٤ی کانوونی یەکەم (عقلیە)ش، دەستی بەسەرداگیرا، لە ساڵی داهاتووشدا واتە لە (١٩٤٣) دەستبەسەر (تەرابلوس)یشدا گیرا[46]. پاشان ئەڵمانییەکان بە تەواوی لە لیبیاو تونس دەرپەڕێندران[47]. بەو شێوەیەش وڵاتانی تەوەر هەژموونی خۆیان لە باکووری ئەفریقا لەدەستدا.

## هاوپەیمانان لە نۆرماندی:-

سەرکردایەتی وڵاتانی هاوپەیمان چەند کۆنگرەیەکیان لە شوێنی جیاجیادا بەست، بۆ تاوتوێکردنی پلانە سەربازییەکان و گفتوکۆش لە ڕێوشوێنی دوای

(٤٥) سەعدی عوسمان هەڕوتی: س.پ، ل٤٠٥.

(٤٦) ئاراس فریق زەینەڵ: س.پ، ل٣٩٥.

(٤٧) لوقمان خەیاڵی: س.پ، ل٥٦.

تەواوبـوونـی جەنـگەکە، بە تـایـبەت دامەزرانـدنـی ڕێکخراوێکی تری نێودەوڵەتی کە جێگەی ڕێکخراوی (کۆمەڵەی گەلان) بگرێتەوە. هاوپەیمانان بۆ شکستدانی ئەڵمـانیـا بە پێویسـتیـان زانی بەرەیەکی تری جەنگ بکەنەوە، بۆ ئەمەش سـوپـایەکی هـاوبەش لە ٦ی حوزەیرانی (١٩٤٢)، لە ڕێی دەریاوە هێرشـیان کردە سـەرناوچەی (نۆرماندی) لە کەنارەکانی فەڕەنسـا، ئەڵمانییەکان بەرگرییەکی سـەختیان کرد، بەڵام هێرشـە ئاسـمانیەکان بۆسـەر کارگەو کۆگاکانیان و ڕێگەکانی گەیشتنی یارمەتییان، زەبری زۆر کوشندەی لێدان، هەر بۆیە توانـای بەرگرییـان تـا دەهـات لاوازتردەبوو، ناچاربوون لە فەڕەنسـاوە بەرەو ڕاین بکشـێنەوە، هێزەکانی هاوپەیمانانیش توانییان لە ٢٥ی ئابی (١٩٤٤) شاری پاریس ئازاد بکەن[48].

---

(٤٨) عەونی عەبدولڕەحمان سەبعاوی: س.پ، ٢٦٠-٢٦١.

ئەڵمانیا کە هێزەکانی لەبەرەی ڕۆژهەڵات و سوڤیەتدا بەشێکی زۆری لەناوچووبوو، ئێستا هێرشی بەرەی ڕۆژئاواشی بۆ زیادبوبوو، ڕوونترین نیشانەی شکستی ئەڵمانیا لەوەدابوو کە ئیدی شارە گەورەکانیشی لەبەر هێرشی فراوانی هاوپەیماناندا پارێزراو نەبوون، بەڵکوو بەردەوام بۆردمانی سەختی فڕۆکەکانی دووژمنی بەسەرەوە بوو، هاوپەیمانان زیانێکی بێشوماریان بە وێستگەکانی شەمەندەفەرو کارگەکان گەیاندبوو، بەمەش کۆسپیان لەبەردەم گەیاندنی پێداویستیەکان دروستکردبوو[49].

شکست لە بەرەی ڕۆژهەڵات، بۆ نازیەکان کارەساتباربوو، چونکە بووە دەستپێکی زنجیرە شکستێکی دیکە کە نەیانتوانی پێشی پێبگرن، سوپای

---

(٤٩) گیل بی.ستوارت: ئیمپڕاتۆریەتی هیتلەر، وەرگێڕانی: هەژار ڕەحیمی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل١٦٣-١٦٤.

سـوری سـۆڤیەتی لە دوای تێکشـکاندنی نازییەکان لە ستالینگراد، دەستیانکرد بە ڕاوەدونانیان بەرەو قوڵایی ئەوروپا، هەڵبەت ئەم سەرکەوتنە خێرایەی سۆڤیەتیش بەهۆی ئەو هاوکاریانەوە بوو کە لە لایەن ئەمریکاوە پێی دەگەیشت، ئەم هاوکاریکردنەش لە کۆنگرەی تاران (١٩٤٣) کە لەنێوان سێ زلهێزەکەدا (ئەمریکا، سۆڤیەت، بەریتانیا) بەسترابوو، بڕیاری لێدرابوو[50].

هاوپەیمانان لەبەرەی ڕۆژئاوادا لە تشـرینی دووەمی (١٩٤٥) هێزەکانیان لە کەنارەکانی یۆنانیان دابەزاند، لە ٤ی شوباتی (١٩٤٥)دا ئەمریکا و بەریتانیا و سۆڤییەت کۆبوونەوە و ڕێککەوتن لەسـەر هێرشـی کۆتایی بۆ سـەر ئەڵمانیا، ئەوەبوو لە پێناو لەناوبردنی هێڵی بەرگری ئەڵمانیا لە ٨ی شـوباتی (١٩٤٥) هێرشـی هاوپەیمانان بە درێژایی بەرەی ڕۆژئاوا دەسـتیپێکرد، دواتر توانرا دەستبەسـەر هەردوو هێڵی بەرگری

---

(٥٠) لوقمان خەیاڵی: س.پ، ل٥٦-٥٧.

ئەڵمانیادا بگرێ، بەم شـــێوەیە ئەڵمانیا توانای بەرگری نەمـا و هـاوپەیمـانـان لە هەردووبەرەی خۆرهەڵات و خۆرئاوا گەیشتنە ناوجەرگەی ئەڵمانیا و لە ٧ی ئایاری (١٩٤٥)دا، دوای چەند پێکدادانێکی توند، بەرلین بەبێ هیچ مەرجێک خۆیدا بەدەستەوە، لەهەمان ڕۆژدا هیتلەر خۆی کوشــت، هەرچی ســوپای ئیتاڵیاشــە دوو ســاڵ پێشـــتر لە (١٩٤٣) خۆیان بە دەســـتەوەدا و ســـوپای هاوپەیمانان هاتنە ناو ئیتاڵیاوە[51].

## جەنگ لەبەرەی ڕۆژهەڵاتی دوور:

لە زەریای هێمن و لە ســاڵەکانی (١٩٤٣) بۆ (١٩٤٤) هێزەکـانی ئەمریکـا لە دوورگەیەکەوە بۆ دوورگەیەکی

---

(٥١) لوقمان خەیاڵی: س.پ، ل٥٦-٥٧.

دیکە بەرەو ژاپۆن لە پێشڕەویدابوون تا بنکەی نزیکتر بۆ بۆردمانی پێگەکانی ژاپۆن بەدەستبهێنن[52].

لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی ئەوروپا، هاوپەیمانان سەرنجیان خستەسەر جەنگی ژاپۆن، چونکە لەو کاتەدا ژاپۆن تاکە وڵاتی هاوپەیمانی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا بوو کە هێشتا لە جەنگەکەدا مابوو[53].

لە تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٤٤) هێزەکانی ئەمریکا لە دوورگەی (لیت) دابەزین، دواتر (مانێلا)ی پایتەختی فلیپینیان گرت، لە ماوەیەکی کەمدا تونیان تەواوی دوورگەکانی فلیپین کۆنترۆڵ بکەن، بەم شێوەیە تا دەهات زیاتر لە ژاپۆن نزیک دەبوونەوە، لە ٢٦ی حوزەیرانی (١٩٤٥) کۆنگرەیەک لە (پۆتسدام) بەسترا، لەم کۆنگرەیەدا داوا لە ژاپۆن کرا کە بەبێ هیچ مەرجێک

---

(٥٢) هاوارد زین: مێژووی ئەمریکا لە ١٤٩٢-٢٠٠٠، بەرگی دووەم، وەرگێڕانی: عەبدوڵا ڕەسووڵی، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١٦، ل١٠٠.

(٥٣) سامان حوسێن ئەحمەد: س.پ، ل١٦٦.

خۆی بدات بەدەستەوە، ئەگەرنا بە تەواوی کاول دەکرێت، بەڵام ژاپۆن بەوە ڕازی نەبوو، بۆیە ئەمریکا هەنگاوێکی گەورەی هاویشت کە تا ئەو کاتە لە مێژوودا وێنەی نەبووە، ئەویش هێرشی ئەتۆمی بوو بۆ سەر هەردوو شاری (هێرۆشیما) و (ناکازاکی)، ئەم دوو هێرشە ئیمپڕاتۆری ژاپۆنی ناچارکرد کە بەبێ هیچ مەرجێک لە ١ی ئەیلوولی (١٩٤٥) بەفەرمی واژووی خۆبەدەستەوەدان بکات، بەم شێوەیەش کۆتایی بە جەنگی دووەمی جیهانی هات[54].

(٥٤) ئاراس فریق زەینەڵ: س.پ، ل٤١١-٤١٢.

## بەشی سێیەم: دەرئەنجامی بەشداری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە جەنگی دووەمی جیهانیدا:

### باسی یەکەم: هەنگاونان بەرەو بە جەمسەربوونی ئەمریکا:

### کۆنگرەی یاڵتا:

لەگەڵ نزیکبوونەوە لە کۆتایی جەنگەکە و دەرکەوتنی نیشانەی سەرکەوتنی هاوپەیمانان، سەرکردایەتی وڵاتە زلهێزەکان (ئەمریکا، بەریتانیا، یەکێتی سۆڤیەت) چەند کۆنگرەیەکیان بەست بە مەبەستی تاوتوێکردنی بارودۆخی دوای جەنگ، لەگرنگترینیان کۆنگرەی (یاڵتا)بوو، کە لە شوباتی (١٩٤٥) بەسترا، لەم کۆنگرەیە گفتوگۆ لەسەر دابەشکردنی ناوچەکانی هەژموونی وڵاتە زلهێزەکان کرا، هەروەها هاوکاریکردنی یەکێتی سۆڤیەت بۆ شکاندنی ژاپۆن لە زەریایی هێمندا جەختی

لەســــەر کرایەوە[55]، لە بەرامبەریشـــدا بەڵێنی ئەوە بە ڕووســـەکان درا ڕێگەیان پێبدرێت کە دەســـتبەســـەر مەنشوریاو کۆریاو سەجەم ئەو ناوچانەدا بگرن کە لە جەنگی (١٩٠٤-١٩٠٥) لەگەڵ ژاپۆن لەدەســتیان دابوو، هەربۆیە لەژێر ڕۆشنایی ئەم ڕێککەوتنە سۆڤیەت ئابی (١٩٤٥) هەڵـمەتە ســـەربـازیەکـانـی دژی ژاپـۆن دەستپێکرد[56].

## زیانەکان:

به کۆتایی هاتنی جەنگ کۆتایی بە مەترســـیەکانی ئەڵمانیاش هات، تەواوی وڵاتە بەشەڕهاتووەکان توشی وێرانکاریەکی یەکجار گەورە هاتن بەتایبەت لە هێڵەکانی گواستنەوە و دەزگا پیشەسازییەکان، ئەمە سەرەڕای چەندین کێشـــەی تری وەک کێشـــەی دیل و بێکاری و بێوەژنی و هەتیوی، کە لە ئاکامی ئەم جەنگەدا سەریان

---

(٥٥) سەعدی عوسمان هەروتی: س.پ، ل٤٠٧.

(٥٦) لوقمان خەیاڵی: س.پ، ل٦١.

هەڵدا، ئەمە جگە لەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییە کە لە دۆخی سیاسەتی نێودەوڵەتیا هێنایە کایەوە و کۆتایی بە سەردەمی باڵادەستی ئەوروپی هێنا، بەتایبەت بۆ وڵاتێکی وەک بەریتانیا کە ئەو سەروەرییە سیاسی و ئابوورییەی پێشتر هەیبوو لە دەستیدا، ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ دەرکەوتنی دوو زلهێزی نوێی وەک یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا[57].

زیانەکانی جەنگ بێشومار بوو، نزیکەی (٦٠) شەست ملیۆن کەس کوژرابون، سێیەکی ئەم ژمارەیەش هاوڵاتی بێچەک و سادە بوون، لایەنە شکستخواردووەکانی جەنگەکە کە هەریەک لە وڵاتانی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و ژاپۆن پێکهاتبوون، ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانیان گیانیان لەدەستدابوو، بەڵام زیانە گیانیەکانی وڵاتانی هاوپەیمان زۆر زیاتر بوو، نزیکەی (١٠–٢٠٪)ی کۆی گشتی دانیشتووانی یەکێتی سۆڤیەت

---

(٥٧) سامان حوسێن ئەحمەد: س.پ، ل١٦٩.

و پۆڵەندا و یوگسلاڤیا گیانیان لەدەستدا، وێرانکاریەکە زۆرینەی کیشوەری ئەورووپای گرتبووەوە، گەورەترین شارەکانی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵات زیانێکی بێشومارییان پێگەیشتبوو[58].

## ئەمریکای دوای جەنگ:

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرەڕای لەدەستدانی نزیکەی (٤٠٠) چوارسەد هەزار سەرباز و دەریاوان کە زۆرینەیان راستەوخۆ لە مەیدانی جەنگدا کوژران، بەڵام بەراورد بە وڵاتانی دیکەی بەشداربووی جەنگەکە، ئەمریکا زیانێکی ئەوتۆی پێنەگەیشتبوو، بەڵکوو زیانی گەورە بەر وڵاتانی ئەورووپاو یەکێتی سۆڤیەت و ژاپۆن کەوتبوو، کە قوربانیەکانی ئەمریکا لەبەرامبەر زیانی گیانی ئەو وڵاتانەدا (٢٪)ی تێپەڕنەدەکرد، جەنگی جیهانی بۆ ویلایەتە

(٥٨) ڕۆبەرت جەی مەکمان: جەنگی سارد، وەرگێرانی: شاناز ڕەمزی هیرانی، چ.١، چ.حەمدی، ٢٠١٧، ل١٣-١٤.

یەکگرتووەکان نەک هەر زیانێکی ئەوتۆی نەبوو بەڵکوو بوو بەهۆی زیـاتربوونی بەرهەمهێنـانی نـاوخۆیی لە نیوان سـالانی (١٩٤١-١٩٤٥)، ئەمەش ئـابووررییەکی بەرهەمداری هێنایەکایەوە و بەتەواوی بێکاری بەرەو لەناوبردن برد و شـوێنەوارەکانی قەیرانە گەورەکەی (١٩٢٩-١٩٣٣)ی سـڕیەوە کە بێکـاریەکی گەورەی هێنابووە ئاراوە، ئەمریکیەکان بە ئاسـانی دەیانتووانی کار بدۆزنەوە و پێداویستیەکانی ژیانیان دابین بکەن[59].

زیـادبونی کرێکـاران و دەسـتی کـار بووەهۆی بەرەوپێشچوونێکی خێرای کەرتی پیشەسازی، بەرهەم و هەناردەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرزبوونەوەیەکی خێرای بەخۆیەوە بینی، زۆر شـمەک و کەرەسـتە بەرهەم دەهێندرا کە پێشتر کەس بیری لە بەرهەمهێنانی نەکردبوویەوە، ئەمەش تەنها لە ئاکامی ئەو پێداویستیە نوێیانەبوو کە لە ئاکامی شـەڕەکەدا دەهاتنە کایەوە،

---

(٥٩) هەمان سەرچاوە: ل١٩-٢٠.

ئیدارەی ئەمریکی چەندین کارگەی جۆراوجۆری دامەزراندوبوو، وەک کارگەی بەرهەمهێنانی ئاسن و پۆڵاو کارگەی بەرهەمهێنانی کیمیایی و پاڵاوتنی نەوت، سەرەڕای ڕاکێشانی شەش هەزار کیلۆمەتر بۆری نەوت تا لە ڕێیەوە نەوت بگەیەنرێتە بەندەرەکان، لە ساتی کۆتایی هاتنی جەنگەکەدا، ئەمریکا لە (٩٠٪)ی هێزی بەرهەمهێنانی ئامادەبوو بۆ دروستکردنی فڕۆکە و پاپۆڕو لاستیک و مەگنیزیۆم، پەرەسەندنەکان بە شێوەیەک بەرزبوبوونەوە کە ئەگەر بەراوردی بکەین بە ساڵانی پێشوو بەڕوونی جیاوازییەکەیمان بۆ دەردەکەوێ، بۆ نموونە لە ساڵی (١٩٣٩) کۆی گشتی دامەزراوە پیشەسازییەکانی ئەمریکا بە (٤٠) ملیار دۆلار مەزەندە دەکرا، بەڵام ئەمە لە ساڵی (١٩٤٥) گەیشتە (٦٠) ملیار دۆلار، بەگشتی دەکرێ بڵێین ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاتێ جەنگ تەواو بوو، وەک بەهێزترین وڵات لە ڕووی سەربازی و

ئابووریەوە لەسەر شانۆی سیاسی جیهان دەرکەوت[60].
بەمجۆرە هەنگاوەکان بەرەو بە جەمسەربوونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جێگەی خۆیان کردەوە و دەرگا بە ڕووی سەردەمێکی نوێدا ئاوەڵابوو.

(٦٠) عەونی عەبدولرەحمان سەبعاوی: س.پ، ل ٢٦٥-٢٦٨.

## باسی دووەم: سەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی جەنگی سارد:

## بارودۆخی ئەورووپا لە ساڵی ١٩٤٥:-

ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت لە جەنگی دووەمی جیهانیدا هاوپەیمانی یەکبوون، بەڵەم لە کۆتایی جەنگەکەدا گومانیان لە سەر یەکتر هەبوو، سۆڤیەت نەیدەویست جارێکی دیکە لە بەرەی ڕۆژهەڵاتەوە هێرش بکرێتە سەری، هەربۆیە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپای خستبووە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، لەو ناوچانەدا چەندین حکومەتی سۆسیالیستی دروستکردبوو، بەم شێوەیە سنوری ئەورووپا لە نێوان دوو بلۆکی جیاوازی سەرمایەداری و سۆسیالیستیدا دابەشبوو، بەم سنورەش دەگوترا (پەردەی ئاسنین)[61].

ئەم پاوانخوازیانەی سۆڤیەت، ترسی لای ئەمریکیەکان دروستکرد، هەربۆیە بانگەشەی جەنگێکی

---

(٦١) ئالاسدر نیکلسن: جەنگی سارد، وەرگێڕانی: ئاگری ئەفشین، چاپی ئەلکترۆنی، ٢٠١٧، ل٦.

خۆپارێزیانکرد، مەبەســـت لەمەش زیاتر خۆپارێزی ناوخۆیی بوو، جۆرج کینان لە وتارێکدا ئاژەی بەوەدا کە دەسەڵاتی سۆڤیەت لە فراوانبووندایە ئەگەر ئەمریکا هەنگاو نەنێت بۆ ڕێلێگرتنی. ترومان کە دوای مردنی فرانکلین رۆزفێڵد پۆســـتی ســـەرۆکایەتی وەرگرتبوو لەبەردەم کۆنگرێســـدا ڕایگەیاند ئەو ســـەرکەوتنەی بەدەستمان هێناوە لە مەترسیدایە، پێویستە لەسەر گەلی ئەمریکی وریابن لە بەرپرســـیارێتی جیهاندا، لێرەوە دەرکەوت ترومان ئامانجی ســـیســـتەمێکی جیهانییە کە ئەمریکا ئاڕاستەی بکات[62].

لە پێناو پاراســـتنی بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگتووەکان و کەمکردنەوەی مەترسیەکانی سۆڤیەت، بەشـــێکی ســـوپای ئەمریکا لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگیشەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەورووپا نەکشایەوە، چوونکە لەو کاتەدا ئەمریکا تاکە هێزبوو بتوانێ

(٦٢) ئاراس فریق زەینەڵ: س.پ، ل٤٢٣.

ئەورووپای رۆژئاوا لە مەترسییەکانی سۆڤیەت بپارێزێت، بەتایبەت کاتێک ئەمریکا خاوەنی (بۆمبی ئەتۆمی)بوو کە بەهێزترین و کاولکارترین چەکی سەردەم بوو[63] .

## کێشەی ئەڵمانیا:-

یەکێک لە کێشە سەرەکیەکانی نێوان ئەمریکاو سۆڤیەت، کێشەی ئەڵمانیا بوو، سۆڤیەت لە ئاکامی جەنگی ئەڵمانیادا زیاتر لە (٢٠) بیست ملیۆن هاوڵاتی لەدەستدابوو، ئەمە سەرەڕای وێرانبوونی بەشێکی وڵاتەکەی، بۆیە ئەمەیان کردبوو بە بیانوویەک تا ئەڵمانیا بە مەترسییەکی گەورە بۆسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان پێناسە بکەن، هەرچەند ئەڵمانیا و بەرلین بۆ چواربەشی (ئەمریکی، سۆڤیەتی، بەریتانی،

---

(٦٣) ئالاسدر نیکلسن: س.پ، ل٦-٧.

فەرەنسی) دابەشکرابوو بەڵام ڕووسەکان لەسەر هەڵوێستەکەی خۆیان سووربوون[64]، ئەمەش بوو بەهۆکاری دابەشبوونی ئەڵمانیا بۆ دوو بەشی جیاواز، هەرچی بەشی ڕۆژئاوا بوو لە ساڵی (١٩٤٨) ئەنجومەنێکی بنەڕەتی دامەزراند و دەستوورێکی نوێی دانا، لە ساڵی (١٩٥٥) سەربەخۆیی تەواوی وەرگرت، بەشە ڕۆژهەڵتیەکەش کە لە ژێردەستی سۆڤیەتدا بوو، لە تشرینی یەکەمی (١٩٤٩) کۆماری دیموکراتی ئەڵمانیای ڕاگەیاند و ئەویش بەهەمانشێوە لە ساڵی (١٩٥٥) سەربەخۆیی وەرگرت، بەم شێوەیە ئەڵمانیا لە نێوان دوو بلۆکی جیهانیدا دابەشکرا[65].

## پڕۆژەی مارشاڵ:-

لە ئاکامی جەنگدا ئەورووپا توشی وێرانکاریەکی سامناک هاتبوو، ڕووبەڕووی کێشەی سەختی

---

(٦٤) هەمان سەرچاوە، ل٧.

(٦٥) سامان حوسێن ئەحمەد: س.پ، ل١٧٥.

کۆمەڵایەتی و ئـابووری بوویەوە، تەواوی کەرتەکـانی گواســـتنەوە و پیشـــەســـازی وێران بوبوون و پەکیان کەوتبوو، (جۆرج مارشاڵ)ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پلانێکی گرنگی خســـتەڕوو کە بە پێی ئەو پلانە دەبوو هەموو وڵاتەکان بەشـــداربن لە هاوکاریەکانی ئەمریکا بۆ بنیادنانەوەی ئەورووپا، ئەمەش زیاتر لە ســـودی وڵاتانی وەک بەریتانیا و فەڕەنســـا وڵاتەکانی دیکەی ڕۆژئاوای ئەورووپا بوو، هەرچی یەکێتی ســـۆڤیەتیش بوو ئەم هەوڵەی ئەمریکـای بە داگیرکردنی ئەورووپـا دەبینی، بۆیە بەشـــداری تێدا نەکردوو ڕێگەی بە هیچ وڵاتێکی کۆمۆنیستیش نەدا بەشداری تێدابکەن[66].

## مەترسی ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیزم:-

لەگەڵ تەواوبوونی جەنگدا وڵاتانی ســـەرمایەداری ڕووبەڕووی مەترســـیەکی جدی بوونەوە کە ئەویش تەشـــەنەســـەندنی بیروبـاوەڕی مـارکســـی بوو،

(٦٦) ئالاسدر نیکلسن: س.پ، ل٧.

سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ترسیان لە هێزی سەربازیی سۆڤیەت نەبوو، کە لەو کاتەدا توانا و هێزی سنوردار بوو، بەڵام لەبەرامبەردا ترسێکی زۆریان لە پەیامە (مارکسی – لینینی)یەکەی هەبوو کە ئەگەر بۆی بڕەخسایە دوورنەبوو کاریگەری لەسەر دانیشتووانی وڵاتەکانیان جێبێڵێ و بەرەو داواکردنی سیستەمی سۆسیالیستی ئاڕاستەیان بکات، ئەمریکیەکان هەر لە ساڵانی سییەکانەوە هەندێک هەنگاویان هەڵهێنابوو بۆ سنوردارکردنی بیروباوەڕی کۆمۆنیزمی، لە میانەی جەنگی دووەمی جیهانیشدا بەهەمان شێوە مکوڕبوون لەسەر بیروباوەڕی دژە کۆمۆنیزمی، بەڵام دوژمنێکی هاوبەشی وەک ئەڵمانیا ئەم دوو دژبەرەی پێکەوە کۆکردەوە و ناچاری کردن هەماهەنگی یەکتری بکەن بۆ تێکشکاندنی ئیمپڕاتۆریەتە فاشیەکەی هیتلەر، بەڵام ئەم دۆستایەتیە زۆری نەخایاند و هەر لەگەڵ تەواوبوونی جەنگدا بەرەو پوکانەوە و لێک هەڵوەشان چوو، ئەمریکیەکان دووبارە

به گڕوتینێکی زیـاترەوە کەوتنە دژایەتیکردنی ئەو بیروباوەڕە کە نامۆو نەگونجاوبوو بە سـیستەمی سەرمایەداری[67].

هەنگاوەکانی سۆڤیەت لە تورکیا و یۆنان هێندەی تر ئەمریکـای مکوڕ کرد لەسـەر دژایەتی کۆمۆنیزم، لە دوای جەنگەوە سـۆڤیەت بە مـافی خۆی دەزانی کە ڕژێمێکی سـۆسـیالیسـتی لە یۆنان دابمەزرێنێت، تورکیاش ناچاربکات کە مافی تەواو بە ڕووسـەکان ببەخشێ تا بە ئازادی گەروەکانی بۆسفۆڕ و دەردەنێل بەکار بهێنن، هەرچەند لە بەرامبەردا بەریتانیا دژی ئەم هەنگاوانە بوو، بەڵام توانای ئەوەی نەبوو پشـتیوانی پێویسـت لە یۆنـان و تورکیـا بکـات بۆیە هـانـای بۆ ئەمریکا برد، ئەمریکاش لە ماوەیەکی کەمدا هاوکاری هەردوو وڵاتەکەی کرد تـا لە بەرامبەر سـۆڤیەتـدا بووەسـتن[68]. بەم شـێوەیە ئەمریکا بوو بە جێگرەوەی

---

(٦٧) ڕۆبەرت جەی مەکمان: س.پ، ل٤١-٥٤.

(٦٨) سامان حوسێن ئەحمەد: س.پ، ل١٨١-١٨٦.

بەریتانیا و وەک زلهێزترین وڵات و پۆلیســـــی جیهان دەرکەوت، ئەو هەژموون و دەســـــەڵاتەش هەتا ئەمڕۆ بەردەوامە.

# ئەنجام

**یەکەم:** جەنگی دووەمی جیهانی دەستپێکی گۆڕانکاریەکی نوێ بوو لەسەر شانۆی سیاسەتی نێودەوڵەتی، کە کۆتایی تەواوەتی بە هێزو دەسەڵاتی چەند دەوڵەتێکی وەک ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و ژاپۆن هێنا، ئەمە سەرەڕای لاوازکردنی دوو زلهێزی گرنگی وەک فەرەنسا و بەریتانیا.

**دووەم:** ئەم جەنگە هەلێکی زێڕین بوو بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تا لە ڕێیەوە دەسەڵات و هەژموونی خۆی بسەپێنێ و وەکوو زلهێزێکی نوێی جیهانی دەربکەوێت.

**سێیەم:** ویلایەتە یەکگرتووەکان سەرباری ئەوەی وەک یەکلاکەرەوەی جەنگەکەو براوەی ڕاستەقینە دەرکەوت، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی دووری خاکەکەی لە مەیدانی جەنگەکەوە بەراورد بە وڵاتانی دیکە زیانێکی ئەوتۆی پێنەگەیشت.

**چوارەم:** جەنگی دووەمی جیهانی بوو بە هۆکارێک بۆ بوژانەوەی ئابووری و پەرەسەندنی پیشەسازی و نەهێشتنی بێکاری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا.

**پێنجەم:** ئاکامەکانی ئەم جەنگە یەکێتی سۆڤیەتی وەک زلهێزێک هێنایە مەیدانەوە، بەوەش بووە ڕکابەرێکی گەورە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ساڵانێکی دوور و درێژی لە ململانێ لە نێوانیان هێنایە کایەوە.

**شەشەم:** جەنگی جیهانی ڕێگەی خۆشکرد بۆ کۆتایهاتنی فرە زلهێزی و دابەشبوونی جیهان بەسەر دوو بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالیزمدا، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک رابەری بلۆکی سەرمایەداری و یەکێتی سۆڤیەتیش وەک ڕابەری بلۆکی سۆسیالیزمی دەرکەوتن.

## لیستی سەچاوەکان:

### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:


١- ئـاراس فریـق زەیـنەڵ: مێـژووی ئەمریکـا، چـاپی سێیەم، چاپخانەی تاران، تاران، ٢٠١٩.

٢- ئالاســدر نیکلســن: جەنگــی ســارد، وەرگێڕانــی: ئاگری ئەفشین، چاپی ئەلکترۆنی، ٢٠١٧.

٣- ئەردەڵان عەبـدوڵا: چـین زلهێـزی نـوێی جیهـان، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠١٩.

٤- جـۆن ئـار . مـاتیوز: سـەرهەڵدان و ڕووخـانی یەکێتــی ســۆڤێت، وەرگێڕانــی: ئەبــوبەکر ســالح ئیسماعیل، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٥- داڤیــد کیلینگــرەی: دوو جەنگــی جیهــانی، وەرگێڕانــی: ئــاگری ئەفشــین، چــاپی ئەلکترۆنــی، ٢٠١٧.

٦- ڕۆبەرت جەی مەکمـــــان: جەنگـــــی ســــــارد، وەرگێرانـــی: شـــاناز ڕەمـــزی هیرانـــی، چـــاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٧.

٧- سـامان حوسـێن ئەحـمەد: زلهێزەکـان لە جەنگـی یەکەمـــــی جیهـــــانییەوە تـــــا کۆتـــــایی جەنگــــــی ســـــارد(١٩١٤-١٩٩١)، چـــــاپی یەکەم، چاپخــــانەی موکریانی، هەولێر،٢٠١٢.

٨- ســەعدی عوســمان هەروتــی: مێــژووی ویــلایەتە یەکگرتووەکـــانی ئەمریکـــا - لە دەســـــتپێکەوە تـــــا کۆتــایی جەنگــی دووەمــی جیهــانی، چــاپی دووەم، ٢٠٢١.

٩- عبــدالعزیز ســلیمان نەوار، عبدالمجیــد نەعنەعــی: مێـــژووی هـــــاوچەرخی ئەوروپـــا – لە شۆڕشــــی فەڕەنســــیەوە تـــــا جەنگــــی دووەمــــی جیهـــــانی، وەگێرانــی: خالیــد هەرکــی، چــاپی یەکەم، چاپخــانەی وەزارەتی ڕۆشبیری، هەولێر.

١٠- عەونی عەبدولڕەحمان سەبعاوی: مێژووی ئەمریکا - نوێ و هاوچەرخ، وەرگێڕانی: محمد عەبدوڵا کاکەسور، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١١- فریشتە نورائی: مێژووی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەمریکا، وەرگێڕانی: هەورامان فەریق حەسەن، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک،٢٠٠٧.

١٢- کۆنسەر بلومنتریت: نهێنیەکانی شەڕی دووەمی جیهانی، وەرگێڕانی: یاسین هێژا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٨.

١٣- گیل بی.ستوارت: ئیمپڕاتۆریەتی هیتلەر، وەرگێڕانی: هەژار ڕەحیمی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

١٤- لوقمـــان خەيـــاڵی: پـــوختەيەک لە مێـــژووی گەورە زلهێـــزی جيهـــان، چاپخـــانەی وەزارەتـــی ڕۆشبيری، ب.ش، ٢٠٠٥.

١٥- محمـــد ئيحســـان: ململانێـــيە نێودەوڵەتييەكـــان لەســـەدەی بيســـتەم، وەرگێڕانـــی: ئاســـۆ كەريـــم و كـــامەران مەنتـــک، چـــاپی يەكەم، چاپخـــانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.

١٦- هـــاوارد زيـــن: مێـــژووی ئەمريكـــا لە ١٤٩٢ تـــا ٢٠٠٠، بەرگـــــی دووەم، وەرگێڕانـــــی: عەبـــــدوڵا ڕەسووڵی، چاپخانەی چوارچرا،٢٠١٦.

١٧- هـــــا.ل.فيشەر: مێـــژووی نـــوێی ئەوروپـــا، وەرگێڕانـــی: شـــوكر ســـلێمان و ســـەروين ئەرجـــان، چـــــاپی ســـــێيەم، چاپخـــــانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر،٢٠١٥.

## سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

١٨- رأفــت غنيمــى الشــيخ: أمريكــا والعــالم - فــي التــاريخ الحــديث والمعاصــر، الطبعــة الأولــى، الناشــر: عــين الدراســات و البحــوث الإنســانية والاجتماعيــة، ٢٠٠٦.

١٩- عبـدالعزيز سـليمان نـوار، محمـود محمـد جمـال الــدين: تــاريخ الولايــات المتحــدة الأمريكيــة - مــن القــرن الســادس عشــر حتــى القــرن العشــرين، دار الفكر العربى، القاهرة، ١٩٩٩.

## سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:

٢٠- Christopher Catherwood: World war II – A beginer´s Guide, London, 2014.

٢١- Robert V. Remini: A Short History of the United states, Harper Collins e-books.

## پاشکۆی وێنەکان:



هێرشی ئاسمانی سوپای ژاپۆن بۆسەر بنکەی دەریایی ئەمریکا لە پێرل هاربەر، کانوونی دووەمی ١٩٤١.




هێرشی ئاسمانی سوپای ژاپۆن بۆسەر بنکەی دەریایی ئەمریکا لە پێرل هاربەر، کانوونی دووەمی ١٩٤١.



فڕۆکەیەکی ئەمریکی بۆردمانی کەشتیەکی سەربازیی ژاپۆنی دەکات، نیسانی ١٩٤٥.



وێرانەی شاری هێرۆشیمای ژاپۆنی دوای
بۆردمانکردنی بە بۆمبی ئەتۆمی، ئابی ١٩٤٥.



خۆبەدەستەوەدانی ژمارەیەک سەربازی ژاپۆنی،
نیسانی ١٩٤٥.



سوپای ئەمریکا دژی هێزەکانی ئەڵمانیای نازی
دەجەنگن، نیسانی ١٩٤٥.



سەربازانی ئەمریکی لەناو ئەڵمانیادا، ١٩٤٥.



سەربازانی ئەمریکی لەناو ئەڵمانیادا پاش تێکشکاندنی نازییەکان، ١٩٤٥.




ئاهەنگگێڕانی هاوڵاتیانی ئەمریکی لە شاری نیویۆرک،
بەبۆنەی خۆبەدەستەوەدانی ئەڵمانیا، ١٩٤٥.